مەکتەبی بیروهۆشیاری

# دەستور و ژن


نووسینی

رەشید خەیون

بدور زەکی محەمەد

کامیل محەمەد قەرەداغی

کردوویەتی بە کوردی


---


مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

سلێمانی ـ گەڕەکی ئاشتی ـ ١٠٤

شەقامی ئاشتی ـ ٣٢ ـ ١٠٣٢

ژ. خانوو ـ ٦٢

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com


مەکتەبی بیروهۆشیاری


ناوی کتێب: دەستور و ژن

ناوی نووسەر: ڕەشید خەیون ـ بدور زەکی محەمەد

ناوی وەرگێڕ: کامیل محەمەد قەرەداغی

تایپ: وەرگێڕ

سەرپەرشتیار: عوسمان حەسەن شاکر

پیاداچونەوەی زمانەوانی: عەدنان کاکە ڕەش

دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر

بەرگ : زرنگ عومەر ، ئەمیرە عومەر

ژمارەی سپاردن: (٤٢) ی ساڵی ٢٠٠٧

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

ژمارەی زنجیرە: (٢١٣)

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| دەستووری عیراق و یاسای کاروباری کەسێتی................ | ٥ |
| کاروباری کەسێتی (**الأحوال الشخصية**)...................... | ١٥ |
| ئەوەی کە سەرپێیی شەریعەیە ............................... | ٢٦ |
| هەموارکردن و هەڵوەشانەوە ................................. | ٣٣ |
| پەراوێز ................................................... | ٤٠ |
| یاسای ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٨)ی کاروباری کەسێتی....... | ٤٣ |
| پێشەکی .................................................. | ٤٥ |
| باشییەکانی یاساکە.......................................... | ٥٠ |
| بەشی زەماوەندو شیاوی (**باب الزواج والأهلية**)................. | ٥٣ |
| دایەنی (**الحضانة**)............................................ | ٦٤ |
| کەموکورییەکانی یاساکە..................................... | ٦٧ |
| چارەنووسی یاساکە لەسایەی دەستووردا......................... | ٨٥ |
| پەراوێز ................................................... | ٩٠ |


مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# دةستورى عيراق و
# ياساى كاروبارى كةسيتى



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەپاش چەند مانگ لە کاری بەردەوامی لیژنەی داڕشتنی دەستور، پاش ئەوەش لەناو کۆمەڵەی نیشتمانیی و دەرەوەشیدا تێنەپەڕێنرا تا مشتومڕی گەرمی لەسەر نەکرا، ڕەشنووسی دەستور خرایە بەرچاوی خەڵکی عیراق بەمەبەستی راپرسیکردن لەسەری. وەك ئەوەی کە زۆرکەس پێشبینییان کردبوو، لە پارێزگاکانی باشوور و باکور و لەناوەڕاستیش جگە لە دیالە سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناو هەروەها لەپارێزگاکانی ڕۆژئاواو موسڵیشدا شکستی گەورەی بەدەستهێنا، بەڵام ئەو ڕێژەیەی کە دەیتوانی ڕەشنوسەکە شکست پێبهێنێت لە هیچ کامی ئەو سێ پارێزگەیە پەیدانەبوون کە ڕەشنوسەکەیان ڕەت کردبۆوە. ئەو ڕێژەیە نەگەیشتە ئەوەی کە لەبڕگەی (ج)ی مادەی شەست و یەکی یاسای ئیدارەدانی دەوڵەتی عیراقدا (مارسی ٢٠٠٤) هاتبوو کە (ڕاپرسییەکە بە سەرکەوتوو ڕەشنوسی دەستورەکەش بە پەسەندکراو دادەنرێت، ئەگەر زۆرینەی دەنگدەرە عیراقییەکان پەسەندیان کرد، دوولەسەرسێی دەنگدەرانی سێ پارێزگە یان زیاتریش ڕەتیان نەکردەوە.)





ڕەشنوسی دەستورەکە پێش ئەنجامدانی ڕاپرسییەکە لەناوەوەی عیراق و دەرەوەشیداو لەڕێگەی چەندان کۆبوونەوەو کۆڕ و نامەی ئاراستەکراو وتارەوە ڕەخنەی زۆری لێگیرا، لە سەرووی ئەوانەشەوە هێزە نەیارەکانی دەستوور بەتووندی خەڵکیان لەدژی هاندا، وەك هاندانی خەڵك بۆ دەنگدان بە (نەخێر) و هاندان بۆ بەشداری نەکردن، لە هەموو ئەوانەش سەختتر ئەو هەڕەشەو کوشتنانە بوو، کە ڕووبەڕووی لیژنەی داڕشتنی دەستور دەبۆوە.

هەموو ئەمانە ڕوویانداو کەچی سەیربوو دیباجەی ڕەشنوسی دەستوورەکە، ئاماژەی بەپێشەنگبوونی عیراق لەداڕشتنی یاساو شەرعەکاندا دابوو: (یەکەمین یاسا کە مرۆڤ دایناوە، لەسەر خاکی ئێمە نوسراوە. لەم نیشتمانەی ئێمەدا هێڵ بۆ دێرینترین پەیمانی دادپەروەرانەی سیاسەتی نیشتمانەکان داڕێژراوە). بەڵێ ئەمانە رویانداوە بەڵام دابڕانی مرۆڤی عیراقی لەشارستانییەکەی خۆی گەڕاندویەتییەوە سەر خاڵی سفر یان بڵێین سەر یەکەمین خانە. ڕاستە ئەوە یەکەمین جار نییە کە خاکی عیراق بونیادێکی یاسایی یاسادانان، نە یاساکانی حامورابی شاردراوە بووەو نە یاساو شەرعەکانی پێش ئەویش: ئۆرنەمۆ، عەشتار بین ئینلیل و ئیشنونا(یاساکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار)[1]، بەڵام پەند و

بەهای ئەو پاشەڵە شارستانییە چییە لەوکاتەدا کە ئەم وڵاتە چەند سەردەمێك بەبێ یاسا ژیاوە.

لەو شەرعانەو لەوانەی بەدواشیاندا هاتن شتێك نەماوە شایانی باس بێت. تەنانەت هارونەڕەشید داوای لە ئەبو یوسفی قازیی قازییەکان کرد (١٨٢ك، ٧٩٨ز) کە دەستورێك بنوسێت، والی و قازییەکان لەسەری بڕۆنو ناوی لێنا (کتێبی خەڕاج) ئەو دەستورەش وەك ئەوەی نوسەرەکەی لەپێشەکییەکەیدا نوسیویەتی دەڵێت:

(ئەمیرولموئمنین خوا دەست بە باڵیەوە بگرێت داوای لێکردم کتێبێکی گشتگیری بۆ دابنێم، کە لەباجگرتنو دەیەكو خێرکردن و باجی حوشتردا کاری پێبکرێت[٢]

مەبەست لە ئاماژەدان بەم راسپاردنە، ئەوەیە کە دەوڵەتی عەباسی و ئیسلامی ئەوەندەی کە گرنگیی بە شادەماری مانەوەی خۆی داوە، کە مسۆگەرکردنی داهاتی پارەکەیەتی، ئەوەندە گرنگیی بە مافە مەدەنییەکان نەداوە و لە سیاسەتی وڵاتانیشدا پێویستیی بە دەستور نەبووە.

تا ساڵی(١٩٠٦) کە ساڵی مەشروتەو سەرکوتکردنە، عیراقییەکان هیچ شتێکیان لەمیراتیی تەشریعیی کۆنی خۆیان لەیادنەبوو، بۆیە بەشێوەی جیاجیا پێشوازییان لەدەستوری ساڵی(١٩٠٨)ی عوسمانی کرد. پیاوماقوڵانی سوننە لەدژی





بوونو چەند پیاوماقوڵێکی شیعەش لەگەڵی بوون. کە دەبینین ئەمڕۆش لەسەر رەشنوسی دەستور ناکۆکن، چەند لەوە دەچێت مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە، شیعەکان لەگەڵیدان و سوونەکانیش زۆربەیان لە دژین هێندەی نەمابوو کە سێ پارێزگای زۆرینە سوننییە کە شکستی پێبهێنن، ئەگەر واشبا هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی نیشتمانیو ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێی لێدەکەوتەوە، وەك ئەوەی کە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی (٢٠٠٥) هەر ڕووی نەدابێ !

لە تەمموزی (١٩٠٨) دا دەستوری عوسمانی لەبەغداد راگەیەندرا. دەستەواژەیەکی تورکییش لەسەر ڕووی سەرای حکومەت نوسرابوو، دەیووت (حريت عدالت مساوات أخوت)[٣] ئا لەوکاتەدا کە شیعەکانی لاساییکەرەوەی خاوەنی مەشرووتە شتەکەیان وەك مژدەی ئەوە وەرگرت، کە ژیانێکی دەستوری دێتە ئارا، پیاوماقوڵانی ئەهلی سوننەت کۆبوونەوەو کۆمەڵەیەکی دژە دەستوریان راگەیاند ناوی (المشور) بوو. پشتگیریی شەریعەتی دەکردو بەرەنگاریی بیروباوەڕە نائاینییەکانی دەکرد[٤] و لەدژی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقییش بوو کە دەستورەکەی هێنابووە کایە. لەپێشەنگی نەیارانی دیموکراسییشەوە عەبدولڕەحمان نەقیب

هـەبوو، کـە پاشـتر بـووە یەکـەمین سـەرەك وەزیرانـی عـیراق. ئەمانــە خۆیانیــان واپیــشاندا کــە بــەرگری لــە شــەریعەی محەمـەدی دەکـەن و لـەدژی دەسـتورن. کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا شەیخولئیـسلام کـە مـوفتی رەسمیـی سـوڵتان نـشین بـوو، لـە کۆبوونـەوەی کـۆڕی دەوڵـەتدا هانی سـوڵتان عەبدولحەمیدی دا کـە داواکـەی گـەڕاندنـەوەی دەسـتور جێبـەجێ بکـات. پێیـووت (أجـبهم الی رغـائبهم، و امـنح الدسـتور، فإنــه مطـابق للـشرع الـشریف . واتـە بـەپێی ئـارەزوی خۆیـان وەڵامیـان بـدەرەوە و دەستورەکەیان پـێ ببەخـشە، چـونکە لەگـەڵ شـەرعی شـەریفدا ڕێکە)[٥]

هەروەکو ئێـستا هـەموو ئـەهلی سـوننەت لـەدژی دەسـتوری عوسمـانی نـەبوون، ئـەو رۆژگـارە (مـەعروف رەسـافیی) شـاعیر کــە لەســوونـنییە تۆخەکانــە، لــەناو جــەماوەرێکی کۆبــۆوەی بەغدادییەکانــدا لەبــەردەم ســەرای حکومەتــدا لــە قــشڵە، قەســیدەیەکی پــشتگیریی بــۆ دەســتور خوێنــدەوە، ئەمــە بەشێکی ئەو قەسیدەیەیە:

إذا انقضى مارت فأكسر الكوزا

وأحفل بتموز إن ادركت تموزا

شهر به الناس قد أضحت محررة

من رق من كان يقفو أثر جنكيزا





مەکتەبی بیروهۆشیاری

سل أهل باريز عن تموز تلق لهم

يوماً به كان مشهوداً لباريزا[٦]

واتـە ئەگـەر مـارت تێپـەڕی و شـەربەکەی شـکاند (شـەربە لـەگۆزەو کووپـەی ترشـیات بچووکترە) لـە تـەمموز بەهرەمەنـد ئەگەر هەسـتت بەتـەمموز کـرد (واتـە کـە هـات)، ئـەوە مانگێکـە خـەڵك تێیـدا ئـازاد بـوون لەکۆیلەیـەتیی کەسـێك، کـە شـوێن پێکانی جەنگیزی هەڵگرتبوو (واتە وەك جەنگیزخان مامەڵـەی دەکـرد). پرسـیاری تـەممووزێك لەخـەڵکی پـاریس بکـە، کـە شــایەتی ئــەوان بــوو، لەڕۆژێکــدا کــە بەڕاســتی رۆژێکــی پاریسیانەی بەرچاو بوو[٧].

بـەڵام لەبەرەوپێشـچوونێکی تـردا، بەچـەند سـاڵێك پـاش هەرەسی سەردەمی عوسمـانی ئـەوە روویـدا، کە پیاوماقوڵانی عیراق لەساڵی ١٩٢٥دا لەسەر یاسایەك رێك کەوتن، کە وەکو دەســتووری هەمیــشەیی دەوڵــەت وابــوو، بەیاســای بنــەڕەتی عیراقــی ناســرا. هــەر بــەردەوامیش بــوو تــا بەدەســتوورە کاتییەکەی ساڵی ١٩٥٨ هەڵوەشێنرایەوە بەدەستەواژەیەك کە دەڵــێ (فإننـا بإسـم الـشعب نعلـن سـقوط القـانون الأساسـي العراقـي و تعديلاتـه كافـة منـذ ١٤تمـوز سـنة ١٩٥٨ و رغبـة في تثبيـت قواعـد الحكـم و تنظـيم الحقـوق والواجبـات لجميـع المواطنين نعلـن الدسـتور المؤقـت هـذا للعمـل بأحكامـه في فـترة

الانتقال الى ان يتم تشريع الدستور) واتە (بۆیە ئێمە بەناوی گەلەوە لەڕۆژی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ەوە لەکارخستنی یاسای بنەڕەتی عیراقیو هەموو راستکردنەوەکانیشی رادەگەیەنین، لەڕووی ئارەزووی چەسپاندنی رێساکانی فەرمانڕەوایی و رێکخستنی ماف و ئەرکەکانی هەموو هاوڵاتیان ئەم دەستوورە کاتییە رادەگەیەنین بۆ ئەوەی لەماوەی گواستنەوەدا کار بە حوکمەکانی بکرێت تا ئەو کاتەی کە دەستور دادەنرێت)، دەستوری کاتی ١٩٥٨ هەر دەستوری کاتی بوو دەستوری کاتیی تری هەڵدەوەشاندەوە تا نووسینەوەی رەشنووسی ئەم دەستوورەی ئێستە، کە عیراق ناکۆکیی وای لەسەر ئەم رەشنووسە بەخۆیەوە بینی، کە کەم ناکۆکیی وای بەخۆیەوە دیووە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# کاروباری کەسیتی

## (الأحوال الشخصية)



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

زۆربەی ماددەکانی دەستور ناکۆکییان لەسەر هەبوو، ئەوانەی سەر ڕێکخستنی ئیداری، پەیوەندیی ئایین بەدەوڵەتەوە، دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی عیراق، سەرۆکاریکردنی ئابووریو سەرمایەکان لەگەڵ ئەو شتانەدا کە پەیوەندییان بە مامەڵەی ژنانەوە هەیە.

لێرەشدا گرنگی بەماددەی (٣٩)ی دەستوری (٢٠٠٥) دەدەین، کە تایبەتە بەکاروباری کەسێتییەوە، چونکە بە پلەی یەکەم (ژنان) هەموو نێگەتیڤییەکانی پابەندبوون بەیاسایەکی مەدەنییەوە دەکەوێتە سەریان. لەو ماددەیەدا هاتووە کە (العراقیون احرار في الالتزام) واتە (عیراقییەکان ئازادن لەپەیڕەویکردنی کاروباری کەسێتیی خۆیان، بەپێی ئایینەکانیان، یان مەزهەبەکانیان، یان بیروباوەڕەکانیان، یان هەڵبژاردنەکانیان، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت) (ڕەشنووسی دەستووری عیراقی نوێ). لەناوەڕۆکی ئەم ماددەیەوە وا تێدەگەی کە یاسای ژمارە (١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩)ی هەڵوەشاندۆتەوە، بۆئەوەی ئامانجی ئەوەبێت هەموو حوکمەکانی هەر پێنج مەزهەبە فیقهییە ئیسلامییەکەی عیراق وا یەك بخات کە لەگەڵ گیانی سەردەمەکەدا گونجاوبێت.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەرباری ئەوەش کە یاساو شەریعەتە رەسمییە کۆنەکانی عیراق، هەر لەشەریعەکەی حامورابییەوە تا ئەوانی تریش بەلایانەوە گرنگ بووە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەڕەسمی ڕێکبخەن، هەر لەمەرجەکانی پێکەوەنانی ژیانی خێزانیو هەڵوەشاندنەوەیو ماف و ئەرکە ئاڵوگۆڕ پێکراوەکانی نێوانی ژنو مێرد، باوكو منالّ، کۆیلەو سەرۆك، کەچی سیستمە ئیسلامییەکان ئەو شتانەیان بۆ ئیمامی مەزهەبەکان بەجێهێشتووە. سەرباری ئەوەش کە دەوڵەتی عەباسی لەسەردەمی هارونەڕەشیدەوە مەزهەبی حەنەفیی لەبەرچاوگرت، کەچی شیعەکان، یان شافیعییەکان سەبارەت بەکاروباری کۆمەڵایەتیی وەك ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی زەماوەندو تەلاقو هەندێ مەسەلەی تر مەرجەعی خۆیانیان هەبووە. لای دەوڵەتی عوسمانیش هەروابوو، ئەویش مەزهەبی حەنەفیی لەبەرچاوگرت، بەڵام بۆی نەبوو خەڵکەکەی ژێر دەستی، ئەوانەی کە سەر بەمەزهەبەکانی تر بوون پەیوەندییەکانی خۆیان بەپێی ئەو مەزهەبەی ئەو ڕێك بخەن. ئەمە لەپاڵ ئەوەشدا کە لەساڵی (١٨٧٩)ەوە سیستمی دادگا نیزامییەکان لە بەغداد پیادەکرا، ئەوەبوو لەو ساڵەدا (الدائرة العدلیة ـــ فەرمانگەی دادی) دامەزراو قازییەکانی شەرعکردنیش جێگای خۆیانیان لەناو دادگاکانی شارەکاندا

وەرگرت. لەساڵی (١٨٧٦) دا یاساکانی (مجلة الأحكام الشرعية ـ گۆڤاری حوکمە شەرعییەکان) دەرچوو، لەهەموو لایەکی دەوڵەتی عوسمانیدا کاری پێکرا، و کارکردن تێیدا تەنها بەپێی مەزهەبی حەنەفی بوو، بەڵام حوکمەکانی ئەو، کاروباری کەسێتیو وەقفیان نەدەگرتەوە، بەڵکو تایبەتمەند بوون بەگرێبەستو مامەڵەکانەوە.[٨]. لەساڵی ١٩١٧شدا ئەو یاسایە دەرکرا کە بەیاسای خێزانی عوسمانی ناسرابوو[٩] دوایی دەسەڵاتدارانی بەریتانیش (لەعیراق ـ و ـ) لەکاروباری کەسێتیدا هەر کاریان بەهەمان یاسا کردەوە، بەڵام سەپاندنی مەزهەبی حەنەفی لەسەردەمی عوسمانیو پاش ئەویشدا وایکرد (زۆرینەی خەڵك لەدادگا شەرعییەکان دووربکەونەوە)[١٠].

لەم رووەوە (لەزاری قازییەکی شاری کەربەلاوە دەگێڕنەوە کە نۆ ساڵ لەپۆستەکەی خۆیدا بووەو تەنها یەك دەعوای نەبینیوە بچێتە بەر دەستی) [١١]، چونکە شیعەکانی کەربەلا بۆ لای قازیو فەقێ شەرعییەکانی مەزهەبی خۆیان دەچوون. شتێکیش کە لەمەدا یارمەتیدەر بوو ئەوەبوو کە خەڵك ناچار نەدەکرا بۆ یەکلاکردنەوەی کاروباری کەسێتیی خۆیان ببەنە بەر دەستی دادگا رەسمییەکان.





لەساڵی (١٩٢٣)دا دادگا جەعفەرییەکان پێکهاتنو ئەنجوومەنی تەمیزی شەرعیی جەعفەری دامەزرا [١٢] و ئەوکاتە لەلایەن فەقێی شیعە (هەیبەتولدین ئەلشەهرستانی) یەوە سەرۆکایەتی دەکرا (١٩٦٧ کۆچی دوایی کردووە).

بەکاریگەریی ئەم پێشینەیە لەساڵی (١٩٢٥) دا مادەی حەفتاو حەوتی یاسای بنەڕەتی عیراقی دەرچوو: (دادوەریکردنی دادگا شەرعییەکان بەپێی حوکمی تایبەتی هەریەکەی مەزهەبە ئیسلامییەکان دەبێ، بەپێی حوکمەکانی یاسایەکی تایبەت، دەبێ قازییەکەش سەر بەهەمان مەزهەبی زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچەیە بێت کە لێی دادەمەزرێن، لەگەڵ ئەمەشدا دوو قازی سوونەو شیعە لەهەردوو شاری بەغدادو بەسرە دەمێننەوە) (یاسای بنەڕەتی).

ماددەی حەفتاونۆش پسپۆڕیی ئەو ئەنجوومەنە رووحییانەی جوولەکەو مەسیحییەکانی دیاریکردووە، ئەوانەی کە لەلایەن وەزارەتی دادەوە پەسەندکراون کە بتوانن کار لەمەسەلەی زەماوەندکردنو مەسەلەکانی تری کاروباری کەسێتی تایبەت بەو تایەفانەدا بکەن. لەتەنیشت ئەمانەشەوە لەناو دادگا مەدەنییەکاندا چەند راوێژکارێکی شارەزا لەمەسەلەکانی سابیئەمەندائییەکانو یەزیدییەکاندا هەن تەرخانن بۆ ئەوان. ئەوەش شتێکی روونە کە دەوڵەتی

عوسمانی تا لەعیراقیش چووە دەرێ دانی بەبوونی ئەم دوو تایەفە، یان بڵێین دوو ئایینەدا نەنا.[١٣] هەڵوێستی (ئیمام ئەبی حەنیفەی ئەلنوعمان) ئیجابی بوو لەسابیئە مەندائییەکان، چونکە لەسێ سوورەتی قورئاندا (البقرة، المائدة، الحج) ناویان هاتووە کە ئەوانە لەگەڵ ئەهلی کیتابدان، بەڵام مەسەلەی میراتی هەر بەپێی شەریعەتی ئیسلامی مایەوە، لەماددەی حەفتاونۆو هەشتای یاسای بنەڕەتی عیراقی (١٩٢٥)دا هاتووە (ئەنجومەنە رووحانییەکان دەڕواننە ئەو ماددانەی کە پەیوەندیدارن بەنیکاح و مارەیی و جیابوونەوەو نەفەقەی خێزانی و پەسەندکردنی وەسێتەوە، ئەگەر لەلای دادنووس پەسەندنەکرابن، ئەمە جگە لەو بابەتانەی کە دەچنە ناو پسپۆڕیی دادگا مەدەنییەکانەوەو ئیشی ئەندامانی سەر بەو تایەفانەن و پێیان بێگانە نین) ماددەی هەشتا: (ئسوولی دادگاکانی ئەنجوومەنە رووحانییەکانی ئەو تایەفانەو ئەو باجی رەسمانەش کە تێیاندا وەردەگیرێت بە یاسایەکی تایبەت دیاری دەکرێن، هەروەها یاسای میراتی و ئازادیی وەسێت و مەسەلەکانی تر کە لەبواری پسپۆڕیی ئەنجومەنە رووحانییەکانی تایەفەنین بەپێی ماددەکانی کاروباری کەسێتی چارەسەر دەکرێن).
پاش ئەوە چەند هەوڵێك درا بۆ داڕشتنی یاسایەك کە لەسەر





بنەمای مامەڵەکردنێکی مەدەنییانە کاروباری کەسێتی یەك بخات، سەرەتای ئەم هەوڵانە لە (١٩٣٣) دا بوو، ئەوکاتە هەوڵێك درا بۆ دەرکردنی یاسای کاروباری کەسێتی لەلایەن (تۆمارکردنی یاساییەوە)و تۆمارێکی یاسایی بۆ ئەم پرۆژەیە دانرا، بەڵام شکستی هێنا[١٤] ئەمجا ساڵی (١٩٤٥) هەوڵێکی تر درا، ئەو کاتە (وەزارەتی داد فەرمانیدا لیژنەیەکی چوار ئەندامی پێك بێت و رابسپێردرێت بۆ دانانی لیستی یاسای کاروباری کەسێتی، لیژنەکەش پرۆژەکەی ئەنجامدا).[١٥] ، بەڵام نەیتوانی بەسەر ماددەی (٧٧) ی یاسای بنەڕەتی عیراقی ساڵی (١٩٢٥) دا تێپەڕێ، کە دەیووت (دەبێ دادوەری لە دادگا شەرعییەکاندا بەپێی حوکمە شەرعییە تایبەتەکانی هەریەکەی مەزهەبەکانی ئیسلام بکرێت). بۆیە فیقهی ئیسلامی و هەردوو مەزهەبی سوونني و شیعی وەك دوو یەکەی بنەڕەتی بنچینەیی پرۆژەکە دانران و توانرا ئەو شتانە تۆمار بکرێت کە رێکەوتنیان لەسەر کرا، بەڵام نەتوانرا ئەم پرۆژەیە بکرێتە یاسایەك کاری پێبکرێت.[١٦].

دیارە کە ئۆپۆزسیۆنی ئایینی رۆڵی خۆی هەبووە لەوەلانانی ئەم یاسایەدا، کە لاوازکردنی دەسەڵاتی شەرعی فەقێکان لەسایەی بوونی دادگا مەدەنییەکاندا کز دەکات. نزیککردنەوەی نێوانی مەسەلە فیقهییەکانی نێوانی دوو

مەزهەبەکەش بڕێك لەتایبەتمەندیی مەزهەبەکان کەم دەکاتەوەو کاریگەریی دەخاتە سەر کۆی هەڵواردنی تایفەگەری، ئەمەش بەدڵنیاییەوە بەگشتی لەبەرژەوەندیی دامەزراوەی ئاییندا نییە، چونکە ئەو هێزی خۆی لەوەوە وەردەگرێ کە لەمەسەلەکانی شەرعدا لایەنگرانی لەدەوری خۆی خڕببنەوە.

ئایەتوڵای عوزما، سەید موحسین ئەلحەکیم لەنامەیەکیدا، کە بۆ سەرکردەکانی کودەتاکەی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ی نووسیوە ناڕەزایی خۆی لەسەر پرۆژەکەیساڵی ١٩٤٥ی یاسای کاروباری کەسێتی دەربڕیوە، داوا دەکات یاسای (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) هەڵبوەشێننەوە (واضيف هنا ان حكومة العهد الملكي سبق ان شرعت قانوناً للاحوال الشخصية خالفت فيه الشرع الاسلامي، و عرضته على مجلس النواب، فأرسلت أحد أولادي للاتصال بالنواب، و إبلاغهم استنكاري لهذا القانون، و وجوب الغائه. وأصدر رأيي بهذا الشان. مما حدا بالنواب الى معارضته، فاضطرت الحكومة الى إحالته على لجنة مختصة لدراسته و إعادة النظر فيه) واتە (لێرەدا ئەوەش دەخەمە سەر ئەوەی کە پێشتر حکومەتی سەردەمی پاشایەتی یاسایەکی بۆ کاروباری کەسێتی دانابوو، تێیدا سەرپێچی شەرعی ئیسلامی کردو





خستییە بەردەستی ئەنجومەنی نوێنەران، منیش یەکێك لەکوڕەکانی خۆم نارد پەیوەندی بەنوێنەرەکانیانەوە بکات، پێیان بڵێت من ناڕەزایی لەم یاسایە دەردەبڕم و پێویستە هەڵوەشێندرێتەوە، لەم رووەوە بۆچوونی خۆمم ڕاگەیاند. ئەمەش وای لەنوێنەرەکان کرد نەیاریی بکەن و حکومەتیش ناچار بوو بینێرێت بۆ لیژنەیەکی تایبەتمەند بۆ لێکۆڵینەوەو چاوپێداخشاندنەوەی)[١٧]. ئەمجا لەبەرئەوەی یاسای تری وەکو یاسای کاروباری کەسێتی لە زۆر وڵاتی ئیسلامیی تر دەرچووە، وەك میسر، ئوردن، سوریە، مەغریب، تونس دەرچووە، ناکرێ عیراقیش لەڕووی یاسا شەرعییەکانیەوە پەرت ببێ، بەتایبەتییش کە وڵاتێکی وەکو تونس گەشتۆتە ئاستی یەکسانیکردنی ژن و پیاو لەمیراتدا، فرەژنییشی بەیەکجاری قەدەغەکردووە، مەغریبیش کۆت و بەند و مەرجی بۆداناوە. هەنگاوی پراکتیکیی عیراقیش لەپاش (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ )ەوە دەستیپێکرد، کاتێك کە وەزارەتی داد بە فەرمانی ژمارە (٥٦٠) لە(١٩٥٩/٢/٧) لیژنەیەکی بۆ دانانی کاروبارە کەسێتییەکان راسپارد، ئەو لیژنەیە پرەنسیپی ئەو کاروبارەی لەو حوکمە شەرعییانەوە هەڵێنجا کە لەناو یاساکانی وڵاتە ئیسلامییەکاندا پەسەندەو ڕێکەوتنی لەسەر هەیە، یان دادوەریی شەرعی لەعیراق

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بڕیاری جێگیری لەسەرهەبووە.[18] پاش ئەوەی کە لیژنەکەی وەزارەتی داد کارەکانیی تەواوکرد، یاساکە لە (۱۹۵۹/۱۲/۱۹) دا ڕاگەیەندراو، بێگومان دامەزراوەی ئایینی، بەتایبەتی شیعییەکان بە بێزاری و هێرش بۆکردنەوە ڕووبەڕووی بوونەوە، بەو بەهانەیەی سەرپێچیکردنی شەریعەتی ئیسلامییە.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ئەوەی کە سەرپێیی شەریعەیە

بەپێی بۆچوونی نەیارانی، یاسای (۱۸۸ی ساڵی ۱۹۵۹) سەرپێچیی شەریعەتی ئیسلامیی کردووە: مادەی هەشتەمی، کە تایبەتە بە یەکخستنی تەمەنی شووکردنەوە، مادەی سیانزە کە تایبەتە بە سنوردارکردنی فرەژنییەوە و مادەی حەفتاوچوار کە تایبەتە بە یەکسانیی نێر و مێ لەڕووی میراتەوە.

یاساکە بڕیاری داوە کە تەمەنی شووکردن و ژن هێنان هەژدە ساڵ بێت، بواری ئەوەشی بۆ دادوەر بەجێهێشتووە، کە بتوانێت تەمەنی باڵغ بوون لەخوار هەژدە ساڵەوە دیاری بکات، واتە لەنێوانی (۱٥و ١٦ساڵ)دا، و دەبێ زەماوەندکردنەکە بە ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار (وەلی) بێت.

بێگومان جولەکەکانیش ملکەچی ئەم یاسایە دەکرێن، ئەوان کە بەپێی فیقهی خۆیان تەمەنی زەماوەندیان بۆ کوڕ بە (۱۳) ساڵ و بۆ کچ بە (۱۲) ساڵ دیاری کردووە. بەڵام مەزهەبی حەنەفی بۆ کوڕ (۱۸ساڵ) و بۆ کچ (۱۷ساڵ) ی داناوە، هەردوو مەزهەبی شافیعی و حەنبەلی (۱٥) ساڵیان بۆ کوڕ و کچ داناوە و مەزهەبی مالیکیش (۱۷ساڵ).

بەڵام ناڕێكییە گەورەكەی سەبارەت بە تەمەنی شووكردن و ژنهێنـان لـەنێوان تەشـریعی حكـومی و فیقهـی جەعفەریـدا دەردەكـەوێت، ئەمـەی دوواییـان نۆسـاڵی دانـاوە، لـەوەش بـەولاوەتر زۆری فـەقێ هاوچـەرخەكانی شـیعە (جەعفـەری) رێگەی ئەوەیان داوە دەزگیرانی و مارەبڕین تەنانەت لەتەمەنی منداڵییـشەوە بكرێـت، لـە مومارەسـەی ژن و مێردایـەتیی راستەوخۆ تێپەڕێت، چێژلێوەرگرتنەكانی تری وەك: دەست بۆبردن، لەباوەشگرتن، رانگرتن لەخوار تەمەنی نۆساڵیشەوە خراپ نییە و ڕێپێدراوە، بێگومان ئەمانەش لەپاش گرێبەست و مارەبڕینەوە نەبێت ڕوونادەن. نامەكانی فەقێ گەورەكان ئەم تەشریعەیان سەلماندووە، هەر لە محەمەد كازم ئەلیەزدیی مەرجەعـەوە (مـردن ١٩١٩) بـۆ ئەبیلحەسـەن ئەلموسـەوی ئەلئەسفەهانی (مردن ١٩٤٥) تا دەگاتە ئایەتوولا گەورەكانی محـسن ئەلحـەكیم (مـردن١٩٧٠) روحولاخومـەینی (مـردن ١٩٨٩)و ئەبولقاسمی خوئی (مردن ١٩٩٢) و عەلی سیستانی (زاراوەی شـیرەخۆرە بـەكارناهێنێت)[١٩] سـەیر لەوەدایـە حـوكمی لـەمجۆرە و بۆچـوونی فیقهیـی وا لـەلای ئـەو خەڵكـە پێشینانەوە نابینین كە پێش سەردەمی ئەلیـەزدی ژیاوون و نـاوداری نـاو فیقهـی شـیعییش بـوون وەكـو: ئـەبی جەعفـەر ئەلتووسـی (مـردن٤٦٠ك)و نەجمـەدین موحقیـق حلـی (مـردن





٦٧٦ك) شێخ محەمـەد بـن حەسـەن ئـەلحوڕ ئـەلعاملی (مـردن ١١٠٤ك) و چـەندانی تـریش، هـەروەها لـەلای خەڵكـە هاوچەرخەكانی وەكو ئایەتولا محەمەد باقر سەدر (لە١٩٨٠دا كوژرا)و ئایەتولا محەمەد حسین فەزلولا.

هـەروەها بەبۆچوونی نـەیارانی یاساكە مادەی سیانزەش سەرپێـچیی ڕێپێـدانی فرەژنیـی كـردووە. فرەژنـی كـە پـەیڕەویلێكردنی بـە كارامەییەكـە (كفـاءة) كـە مەرجـەكانی لەمەزهەبێكـەوە بـۆ یـەكێكی تـر دەگۆڕێـت. لەپێـشەنگی ئـەو كارامەییانەشەوە كارامەیی جەستەیی و دارایییە. بەڵام یاسای (١٨٨)ی عیراقی لە مادەی هەژدەی یاسای تونسی كەمتری هێنـاوە. ئەمـەیان بەیـەكجاری هێنـانی زیاتر لـە ژنێك قەدەغە دەكات، هـەروەها لەیاسای مـەغریبییش كەمتری هێنـاوە، كە ئەمـەیان بەسـتویەتییەوە بەمـەرجی دادپەروەرییـەوە (مـادەی سیانزەی بە مۆڵەتی قازی نەبێت ڕێگە بەهێنانی زیاتر لەژنێك نادات، بۆ وەرگرتنی ڕێپێدان دەبێ پیاوەكە كارامـەیی دارایی هەبێت)[٢٠].

بەدەر لەمانەش گـەر كەسێك بە ووردی بڕوانێتە ئەو دەقە قورئانییەی كە تایبەتە بە گرێبەندكردنی فرەژنییەوە دەبینێت ئـەو دەقـە ڕێگریـی لێـدەكات، لـەبریی ڕێپێـدان لـەوەوە نزیكـە حـەرامی بكـات. كەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا یاسـادانەران ئـەو

دەقانەیان فەرامۆشکردووە کە پێ لەسەر هێنانی یەك ژن دادەگرێت. لەئایەتەکەدا هاتووە "فإن خفتم ألاتعدلوا فواحدة"(٢١) واتە ئەگەر ترسان لەوەی دادپەروەر نەبن یەك دانە بهێنن، پاش ئەوە هەر لە ئایەتەکەدا پێداگرتنە یەکلاکەرەوەکە دێت "ولن تستطیعوا أن تعدلوا بین النساء و لو حرصتم"(٢٢) واتە، ناتوانن لەنێوانی ژنەکاندا دادپەروەربن ئەگەر بەتەنگیشەوەبن. سەرباری ئەوەش مارەکردنی زیاتر لەژنێك لەناو دەقی قورئاندا مەرجێکی تایبەت بەهەلومەرجێکی هەیە، کە گرێدانیەتی بەمامەڵەکردن لەگەڵ هەتیواندا "وإن خفتم ألا تقسطوا في الیتامی فانکحوا ما طاب لکم من النساء مثنی و ثلاث و رباع"(٢٣) واتە (ئەگەر ترسان لە ئەنجام نەدانی دادپەروەری لەگەڵ کچانی بێباوکدا، ئەوا چەندتان پێباش بوو، دوو دوو، سێ سێ، چوارچوار مارەیان بکەن) پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لەو چاخانەدا کە بەدووای ئەو ئایەتانەدا هاتوون کەس لەپێناوی هەتیواندا ژنی هێناوە؟ پێم وانییە وابێ. شێخ محەمەد عەبدە بەپێی ئەم دوو ئایەتە و ترس و نەتوانینە کە فرەژنیی وا هەژمارکردووە کە لەحەرامەوە نزیك بێت. (هەرکەسێك لەم دوو ئایەتە ڕابمێنێت دەزانێت ڕێپێدانی فرەژنی لەئیسلامدا زۆرترین بڕ بەرتەسك کراوەتەوە، وەك ئەوە وایە کە زەرورەتێك بێت بۆ کەسێك ڕێی





پێبدرێت کاتێ پێویستی پێیبێت، ئەویش بەو مەرجەی کە متمانەی ئەوەی لەسەربێت دادپەروەربێت و لە ستەمکردن بێبەری بێت. کەسی ڕامێنیش لەو بەرتەسك کردنەوەیەو لەو خراپی و گەندەڵییانە ورد ببێتەوە کە ئەم ڕەوشانە لەفرەژنییەوە بەرپا دەبن، دان بەوەدا دەنێت کە کەسێك نییە بتوانێت نەتەوەیەك پەروەردە بکاتەوە کە فرەژنیی تێدابووبێت بە باو)(٢٤) هەرچی مادەی حەفتاوچواریشە، زۆرترینی ئەو مادانە بووە کە مشتومڕو نەیاریی ناوەتەوە و بۆتە مایەی هێرش بۆکردن، ئەم مادەیە تایبەتە بە یەکسانیی نێوانی نێر و مێ لەمەسەلەی میراتدا. خەروفەی قازی لەسەر ئەم مەسەلەیەش دەڵێت: (هەروەها لیژنەکە ئەوەی لەپێشچاوگرت کە گونجانێك لەنێوانی حوکمەکانی یاسای مەدەنیی ناو وەسێتەکەو ناوەڕۆکی حوکمەکانی ئەم دیباجەیەدا بکات. ئەمەو پاشان لەبەرئەوەی کە بوونی ناکۆکی لەسەر حوکمەکانی میراتی لەسەر مەسەلەی بەدەستهێنانی دەستکەوتەو ناکۆکییەکەی لەئەنجامی جیاوازیی نێوانی مەزهەبەکاندا دروست بووە، هەروەها لەئەنجامی جیاوازی لەگواستنەوەی مافی میراتگرەکاندا وادەخوازرێ یاساو ڕێساکانی یەك بخرێت، بوونی ئەم جیاوازییانە وای لەهەندێکی خەڵکانی پەیوەندیدار کردووە

فێڵ لە یاساکان بکەن. بونیادنانی کۆمەڵگەیەکیش کە ماف و ئەرکەکانی جێگیربێت ئامانجی ئێمەیە، بۆیە وا پێویستی کرد حوکمەکانی میراتی یەك بخرێن و وایان لێبکرێت کە گونجاوبن لەگەڵ حوکمەکانی ئاڵوگۆڕپێکردنی زەوییە میرییەکاندا کە ماوەیەکی زۆر درێژە دانراوە، خەڵکیش پەسەندیان کردووەو مامەڵەکانیشی جێگیر بوون. بۆیە بەباش زانرا ئەو ڕێسایانەی کە لەیاساکەدا کراون بە یاسا بکرێنە بنەمایەك بۆ میراتیی تاپۆ و کەلوپەلی گوازراوە، لەبەرئەوەی ئەو ڕێسایانە زۆر لەگەڵ حوکمە شەرعییەکاندا جیاوازنین.)[٢٥]. بە بۆچوونی عەبوللەتیف ئەلشەواف، کە یەکێکە لەکەسە راسپێردراوەکان بۆ نوسینەوەی ئەو دەستورە هەمیشەییەی کە بە ئەنجام نەگەشت (عەبدولکەریم یاسای مەدەنیی هێناو سەیری ئەو بەشەیی کرد، کە تایبەتە بە گواستنەوە مافی تەسەڕووف پێوەکردنی ئەو زەوییە میرییانەوە، کە لەلایەن تاپۆوە مامەڵەیان بۆ دەکرێ، بینیی سادەیی و لۆژیکییەو تێگەیشتنیشی ئاسانە، بۆیە پێشنیار و داوای ئەوەی کرد، کە ئەو مادانە چۆن لەلایەن سەنهورییەوە دانراون ئاواش بگوێزرێنەوە بۆ ناو یاسای مەدەنی و بەسەر بەشی یاسای کاروباری کەسێتی، بۆئەوەی بەسەر هەموو میراتییەکاندا پیادە ببێت، بەمەش ئەو کەموکووڕییەی ناو





پرۆژەکەمان تەواوکرد کە بەشێکی سەبارەت بە میراتی تێدانەبوو، جگە لەوەش حوکمی هەردوو مەزهەبەکانی سوووننە و شیعەمان لەناو ئەو مەسەلە گرنگەی ژیاندا یەکخست)[٢٦].

هەروەها شەواف دەڵێت عەبدولکەریم ئەو ئاگادارکردنەوانەی ڕەتکردەوە، کە خەڵك ئەو دەقە وا پاوان بکەن کە حکومەت بە دژە شەریعەتی ئیسلام دابنێن (لەمەشدا پشتی بە بۆچوونێکی جەنابی لیوا نەجیب روبەیعیی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەست کە وتبووی میراتی و دەستنیشان کردنەکەشی لە قورئاندا بە شێوازی وەسێت هاتووە.[٢٧]. لەئایەتەکەدا هاتووە (یوصیکم الله في أولادکم للذکر مثل حظ الأنثیین)[٢٨] (واتە خوا سەبارەت بە منداڵەکانتان راتاندەسپێرێت کە هەر نێرێك بەشی دوو مێی هەیە).

## هەمواركردن و هەڵوەشاندنەوە

بەعسییەكان هاتن یاسای (١٨٨)یساڵی (١٩٥٩) یان بە یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (١٩٦٣) هەموار كرد. بەتایبەتییش ئەو مادەیەی، كە تایبەتە بە میراتەوە، بۆئەوەی (هەر نێرێك بەشی دوو مێی هەبێت). بەڵام مەرجەعیەتی ئایینی بەردەوام داوای هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاساكەی دەكرد، گوایە بوونی یاسای لەمشێوەیە دەستەڵاتی فەقیهی دەدات بە دادوەرو دەرگا لەسەر ئیجتیهادكردن لەناو حوكمەكاندا دادەخات. بەبۆچوونی محەمەد بەحرلعلوم ئەوە پێچەوانەی دەستوری كاتیی كۆماری عیراق بووە، چونكە دووكەس لە ئەنجومەنی سەركردایەتی ئیمزایان لەسەر كرد و كەسێتیی سەرۆك كۆماریش بە ئیمزای سێ كەس نەبێت دابین نابێت (ئەو كاتە محەمەد مەهدی كوببە دەست لەكاركێشانەوەكەی خۆیی پێشكەش كردبوو)هەر لەم یاسایەدا دیاریكردنی سروشتی دادوەریی تێدایە، بەڵام خۆی وایە كە نابێت دادوەری بە یاسا دیاری بكرێت، بەڵكو بەپێی شەرع دەبێت و دەبێ دەرگای ئیجتیهادكردنیش تێیدا كراوەبێت. هەروەها پێیوابوو كە لەزۆری مادەكانیدا





پێچەوانەی بۆچوونی مەزهەبەكانی ئیسلامە، وەك ئەوەی كە وایداناوە شایەتیدان لەسەر زەماوەندكردن و تەڵاق هەبێت، لەكاتێكدا لەلای حەنەفییەكان تەڵاقدان شایەتیی ناوێت و لەلای شیعەیش مەرج نییە زەماوەندكردن شایەتیدانی بوێت و...هتد.[٢٩]

هەتا كۆتایی هەشتاكانی سەدەی رابوردوو ئەو یاسایە زیاتر لە دە هەمواری میریانەی تێدا كرا، كە تایبەت بوون بە جیاكردنەوەی نێوانی ژن و مێرد و وایان لێكرد لەسەر بنەمای هەڵوێستی سیاسییانەو ئەمنییانە بێت.

لە بڕیاری ژمارە (١٧٠٨) مەجلیس قیادەی سەورەی رۆژی (١٩٨١/١٢/١٧) دا هاتووە (ئەو مافە بە ژن بدرێت، كە مێردەكەی بە حوكمێكی دادوەری بە تۆمەتی ناپاكیكردن لەنیشتمان تۆمەتباركرا، داوای جیابوونەوەی لێبكات). هەروەها بڕیاری (١٥٢٩)ی رۆژی (١٩٨٥/١٢/٣١) ڕێگەی بە ژن داوە لە مێردەكەی جیاببێتەوە ئەگەر لە خزمەتی سەربازی هەڵات یان دواكەوت. هەروەها ڕێگە دەدات كە بەهۆی زیناكردنەوە باوك بۆی هەبێت داوای جیاكردنەوەی كوڕی خۆی لە ژنەكەی بكات، ئەگەر كوڕەكە لەماڵەوە نەبوو. لەپاڵ ئەمانەشەوە مەجلیسی قیادەی سەورە [٣٠] چەند بڕیارێكی تری دەركردووە. هەروەها دەستوری كاتیی (١٩٦٨) بۆ

دڵنەواییکردنی دامەزراوەی ئایینی و لە دژی یاسای (١٨٨) مادەیەکی داناوە، لەمادەی حەفتاو چواریشدا هاتووە (میراتی مافێکە شەریعەتی ئیسلامی حوکمی تێدا دەکات) (بڕوانە مادەی حەڤدە، بڕگەی ب)

یاسای کاروباری کەسێتی لە کاتی دەرچوونیەوە لە(١٩٥٩) تا مردنی ئایەتوولا سەید موحسین ئەلحەکیم لە(١٩٧٠) سەرباری ئەو هەموارکردنانەش کە بەسەریدا هێنراو هەرچی شتێکی باشی سەبارەت بە مافی ژنان تێیدابوو نەیانهێشت، هەر جێگەی مشتومڕ لەسەرکردن بوو، لەگەڵ دەوڵەتدا مشتومڕیان لەسەر دەکرد و مەرجەعیەت ئامادە نەبوو بە کەمتر لەهەڵوەشاندنەوەی یاساکان قایل بێت.

ئەلحەکیم نامەیەکی بۆ سەرکردایەتیی کودەتاکەی شووباتی (١٩٦٣) نوسیوە تێیدا هاتووە (گەڕاندنەوەی بارودۆخەکان بۆ ئەو رۆژگارەی کە لەسەردەمی خەلافەتدا کاروباری موسڵمانەکانی پێ بەڕێوە دەچوو، هەڵوێستی ئێمە هەر هەمان ئەو هەڵوێستەیە کە لە یەکەم جاری دەرچوونی ئەو یاسایەوە تا ئێستە هەمانبووەو تا ئەو کاتەش دەمانبێت کە لادەبرێت)[٣١] مەسەلەکەش هەروایە کە لەنامەکەی ئەلحەکیمەوە دەردەکەوێت، پێشتریش محەمەد حسەین کاشیف ئەلغیتا (کاشف الغطاء) بۆچوونی خۆیی لەسەر ئەو





مادەیە لە ژمارە (١٨٠١)ی گۆڤاری عوسمانیدا باسکردبوو، چونکە ئەو گۆڤارە مەسەلەی دادوەریی گرێدابوو بە کەسێتی و کات و شوێنی دیاریکراوەوە. محەمەد وتبووی (دادوەری و حوکمکردن لەلای ئیمامەتی پۆستی خواین و پەیوەندییەکیان بە دەستەلات، یان کەسی ترەوە نییە، بەدادوەری لەڕێگەی داد و رەخسانی مەرجەکان دادەنرێت و لاچوونیشی بە لەدەستدانی مەرجە بنچینەییەکانی ئاوەز و دادپەروەری وئیجتیهاد دەبێ، بۆیە پەیوەست نابێت بە کات و شوێنەوە و لە هەموو کات و شوێنێکدا حوکمی خۆیی هەیە.)[٣٢] بنەمای ناکۆکییەکەش لەسەر شوێن و پایەی فەقیهو مەرجەع بوو، بۆنمونە ئەو کەسەی شوێنەکەی لە نەجەفە حوکم بۆ خەڵکی ناسرییە و بۆ هەر شوێنێکی تر بەپێی قەڵەمڕەوی مەزهەبەکە دەربکات. ئەگەرچی کە یاساش مادەکانی خۆیی لە مەزهەبە جیاوازەکانەوە و لە دیباجەی کاروباری کەسێتیی وڵاتە ئیسلامییەکانی ترەوە وەرگرتووە، و دەستوری کاتیی ساڵی (١٩٥٨)یش دانی بەوەداناوە کە ئیسلام ئایینی دەوڵەتە.

لەسەر بنەمای ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان دەوڵەت و مەرجەعیەتی ئایینی (بەتایبەتییش ئایەتوڵا موحسین ئەلحەکیم)دا هەبوو، کوڕەکەشی (سەید عەبولعەزیز ئەلحەکیم) لە کاتی سەرۆکایەتیکردنی ئەنجومەنی فەرمانڕەواییدا

لەمانگی کانونی یەکەم (دیسەمبەری٢٠٠٣) دا هەولێدا بە بڕیاری ژمارە (١٣٧) ئەو یاسایە هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵام ئەو بڕیارەی لەلایەن ژنان و خەڵکە لیبراڵە عەرەب و کوردەکانی ناوەوەو دەرەوەی ئەنجومەنی فەرمانڕەواییەوە دژایەتیی کراو ئەمجا زۆرینەی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی دەنگیان لەدژی بڕیارەکەی داو هەڵوەشێنرایەوە.

پاش ئەوە هەلێکی تر هاتەپێش کە یاسای (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) بە مادەی (٣٩)ی ڕەشنووسی دەستوری هەمیشەیی هەڵبوەشێنرێتەوە، کە ئەمەشیان گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و فرەیی حوکمە شەرعییەکان لەناو کاروباری کەسێتیدا کاری پێبکرێت.بەڵام بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەپێی ئەو مادەیە ڕەتکراوەتەوە، دەبوو پێش دانپێدانانی مافەکانی ژنان و هاوسەردەمبوون لەگەڵ چاخ و مەدەنییەتدا هەوڵی دامەزراندنی ناسنامەیەکی عیراقی بدرێت، ئەو ناسنامەیە بە کۆکردنەوەی حوکمە پەرش و بڵاوەکانی مەزهەبە فیقهییەکان بکرایە، چونکە بوونی پتر لە حوکمێك لەناو کاروباری کەسێتیدا ئاماژەیەکی کاکڵەدارە بۆئەوەی کە عیراقییەکان پەرش و بڵاوون.





سەرباری ئەو مادانەی پەیوەندییان بە پێکەوەگرێدانی دەوڵەت بە شەریعەت و ئایینەوە هەیە، لەوە دەچێت خۆدەربازکردن لەیاسای کاروباری کەسێتی لە دژی جەماوەری ژنان و لەدژی ئارامگرتنی خێزانە عیراقییەکان و لەدژی یەکسانیی عیراقییەکان لەحوکمە شەرعییەکاندا بێت، بۆئەوەی بدرێنە دەستی ئیجتیهادی فەقێکان و ئەو حوکمانە بخرێنەگەڕ کە هاوشانی پێشکەوتنی سەردەمەکە و ئاسۆکانی زانست و پیادەکردنی ئازادی و دیموکراسیی سیاسی نین.

ئەمە بەو مانایەی، کە هەڵوەشاندنەوەی یاسای کاروباری کەسێتی کارێك بوو پێچەوانە بوو بە ئەو مادانەی تری دەستوور کە پێ لەسەر یەکێتیی عیراق و ئاراستەگیرییە لیبراڵییەکەی دادەگرن. چونکە بەشوودانی کچی تەمەن نۆساڵ کە هەرگیز ناتوانێت ئەرك و خەمەکانی خێزان و دایکایەتی و پەیوەندیی خێزانی هەڵبگرێت، تەنانەت لە ناوچە گوندنشینەکانیشدا پەسەندنییە.

هەروەها بەشداریکردنی ژن لە کارداو دەرکەوتنی لە زۆر شوێندا وەك تاکە سەرچاوەی بەخێوکردنی خێزان، تەنانەت پێش شووکردن و پاش شووکردنیش ناگونجێت لەگەڵ ئەو بەشەیدا لە میرات کە شەرع بۆیداناوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لــە كۆتاييــدا ئەگــەر بەهانــەی ســووربوون لەســەر هەڵوەشـاندنەوەی ياسـای (١٨٨)ی سـاڵی (١٩٥٩) ئەوەبێت كە لەگەڵ شەريعەتی ئيسلاميدا ناكۆكە، ئەوا ئەم پرسيارانە دێنە پێشەوە: ئايا ياسای بەغدادی سزاكان، كە هيچ كامی مەرجەعــە ئايينييــەكان نارەزاييــان لــەدژی دەرنــەبڕی لەحوكمەكانيدا (بۆنمونە سەبارەت بە دزی) رێك بوو لەگەڵ حوكمەكانی شەريعەدا؟ ئايا فرەژنييەكەی رێك بوو لەگەڵ ئەو رێبەستييەی قورئانـدا كـە لەئايەتەكـەدا دەفـەرموێت (ولـن تـستطيعوا أن تعـدلوا بـين النـساء ولـو حرصـتم) (واتـە ئەگـەر بەتەنگيـشەوە بـێن نـاتوانن لـەنێوانی ژنەكانـدا دادپـەروەر بـن)[٣٣] ديارە مادەی (٣٩)ی رەشنوسی دەستور پێچەوانەی نەرمييەكانی ياسای ئايينييە. جگە لەوانەش ئەو رەشنوسە ياسادانەرەكانی لەناكۆكييەكی راستو رووندا دانا سەبارەت بەشێوازی حوكمی ديموكراسیو ليبراڵیو فرەيی، و سەبارەت بەو مادانەی باسيان لەيەكێتيی عيراقو عيراقييەكان دەكرد و دوواييش لە كاروباری كەسێتييياندا بەپێی مەزهەبەكان پەرت و بڵاويان دەكردنەوە.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پەراوێز

١ ـ بڕوانە: (عيد مرعي ـ قوانين بلاد مابين النهرين)

٢ـ (كتاب الخراج، بيروت: دار المعرفة، ١٩٧٩، ص٣٠))

٣ـ (عبدالكريم العلاف، بغداد القديمة، مطبعة المعارف ١٩٦٠ص ١٥٨)

٤ـ (علي الوردي، لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث، بغداد: مطبعة الرشاد١٩٧١، ص١٦٤)

٥ـ (المصدر نفسه، ص١٣١، عن سليمان البستاني، الدولة العثمانية قبل الدستور و بعده، ص٩٩))

٦ ـ (العلاف، بغداد القديمة، ص ١٥٨ ـ ١٥٩)

٧ـ (العلاف، بغداد القديمة، ص ١٥٨ـ ١٥٩).

٨ ـ (علاءالدين خروفة، شرح قانون الأحوال الشخصية، بغداد: مطبعة العاني، ١٩٦٢، ص ٢٣)

٩ـ (هەمان سەرچاوە).

١٠ـ (هەمان سەرچاوە: ل ٣٣٢)

١١ـ (جميل موسى النجار: الأدارة العثمانية في ولاية بغداد، القاهرة: مكتبة مدبولي، ١٩٩١ عن نورالدين الواعظ، الروض الأزهر، ص ٤٣٠)

١٢ـ (محمد شفيق العاني، احكام الأحوال الشخصية في العراق، جامعة الدول العربية، معهد البحوث والدراسات، ١٩٧ ص٣).

١٣ـ (حارث يوسف غنيمة، الطوائف الدينية في القوانين العراقية، مجلة بين النهرين، العدد ٦٨ السنة ١٩٨٩)

١٤ـ (خروفة، شرح قانون الأحوال الشخصية ص٢٣).

١٥ـ (هەمان سەرچاوە ، ل ٢٤)

١٦ـ (هەمان سەرچاوە)

١٧ـ (محمد بحر العلوم، اضواء على قانون الأحوال الشخصية، ص ١٠، عن جريدة الجهاد العدد ٨، ١٩ آذار ١٩٦٣)

١٨ـ (خروفة، شرح قانون الأحوال الشخصية ١ ص ٢٧.

١٩ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٠ـ بڕوانە: اليزدي، كتاب العروة الوثقى، بيروت: مؤسسة الأعلمي للمطبوعات ج٢ ص٤٨٤ و بعض المصادر الأخرى.

٢١ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٧.

٢٢ـ (النساء، الآية٣)

٢٣ـ (النساء الآية ١٢٩)

٢٤ـ (النساء الآية٣)





٢٥ـ خروفة، شرح قانون الأحوال الشخصية، ص ١١٩، تفسير المنار، ج٤، ص٣٤٩ الخ

٢٦ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٨.

٢٧ـ الشواف، عبدالكريم قاسم و عراقيون آخرون، بيروت: الوراق للنشر ٢٠٠٤، ص٨٤

٢٨ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨٥.

٢٩ـ النساء ١١

٣٠ـ (محمد بحر العلوم، أضواء على قانون الأحوال الشخصية، النجف: مطبعة النعمان، ١٩٦٣ ، ١٤ـ ٣٧)

٣١ـ بڕوانە: قانون الأحوال الشخصية و تعديلاتە، رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩ الطبعة الخامسة ١٩٨٩.

٣٢ـ بحر العلوم، أضواء على قانون الأحوال الشخصية، ص١٠).

(٣٣) ـ (هەمان سەرچاوە، ل٣٠)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ياساى ذمارة (١٨٨) ى
# سالى(١٩٥٩)ى كاروبارى كةسيتى

**چاکییەکانی، کەموکووڕییەکانی و هەموارکردنەکانی**

**بدور محمد زکی**



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێشەکی

دەوڵـەتی عوسمـانی لـە دووایـین دەیـە ساڵەکانی تەمـەنی خۆیدا هەستی بەوەکردبوو کە چەند لەو کاروانی شارستانییە دواکـەوتبوو کـە لـەوڵاتانی ڕۆژئـاوا بـەهۆی شۆڕشـی پیشەسازییەوە گەشـەی کردبـوو، بۆیـە لـەناو هەوڵەکانیـدا بـۆ هەسـتاندنەوەی ئەوشـتانەی لەدەسـتی چـووبوون ڕووی لـەوەکرد سیـستمێکی یاسـایی بونیادبنێـت، بۆیـە لەسـاڵی (١٢٩٣ی کۆچـی، ١٨٨٢ی زاینـی)دا گۆڤـاری حوکمـە عەدلییـەکانی دەرکـرد، بەمەبەسـتی بەتـەکنیکی کردنـی حوکمـەکانی شـەریعەتی ئیـسلام بـەپێی ئـەو مەزهەبـە حەنەفییەی، کە دەوڵەت بۆ خۆیی لەبەرچاو گرتبوو، بۆئـەوەی بە تەکنیك کردنە ببێتە چێوەیەکی گشتگیر بۆ هـەموو مامەڵـە مـەدەنیو بازرگانییـەکان، ئـەوەبوو ١٨٥١مـادەی لـێ دروست بوو.

لەوەبـەدوواوە تۆمـارە شـەرعییەکان دامـەزرا کـە گرنگیـی بەبڕیارەکانی دادگا شەرعییەکان دەدا.(١)





مەکتەبی بیروهۆشیاری

لـەپاش دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عیراقییـەوە لەسـەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابوردوودا ناوی دادگا شەرعییەکان گۆڕا بـۆ (دادگاکـانی کاروبـاری کەسـێتی) ئـەم زاراوە نوێیـە بـۆ یەکەمجار لە کتێبێکی (محەمەد قەدری پاشا)دا بەکارهێنرابوو کە ناوی (الأحكام الشرعية في الأحوال الشخصية) بوو، واتـە حوکمـە شـەرعییەکانی نـاو کاروبـاری کەسـێتی، و لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بڵاوبۆوە.(٢)

لەساڵی(١٩٢٥)یـشدا یەکـەم دەسـتور بـۆ عـیراق دەرکـرا و بەپێی مادەی حەفتاوپێنجی ئەو دەستورە دادوەریـی شـەرعی دابەشدەکرا بۆ:

(دادگـای شـەرعیی موسـڵمانەکان و ئەنجومەنـە ڕووحانییـەکانی تایفـە ئایینییـە مەسـیحی و موسـەوییەکانی دەگرتەوە)و هەمووشیان بەپێی یاسا دەستەڵاتی دادوەرییان هەبوو.

بـەپێی ئـەم دەستنیـشانکردنەش لایـەنگرانی ئایینـەکانی تـری وەکـو سـابیئە و یەزیدییـەکان مـافی ئـەوەیان نـەبوو دادوەری بەپێی حوکمی ئایینەکانی خۆیـان بکـەن. دادوەریـی شـەرعیی موسڵمانەکان پشتی بە مەزهـەبی تایبـەتیی خاوەن دەعواکـان دەبەسـت، حوکمەکانیـشی بـەپێی فـەتوا بـەهادارەکانی مەزهەبـەکان دەردەکـرد. بـەپێی ئەمـەش لـەناو

دادگای تەمیزدا دوو دەستە پێکهاتن، یەکیان جەعفەری بوو (واتە شیعەبوو)، کە سەر بەمەزهەبی جەعفەریی شیعە بوو، ئەوی تریشیان سوونی بوو، و زۆربەی کات مەزهەبی حەنەفیی لەبەرچاو دەگرت، چونکە زۆرینەی سووننەی عیراق لەسەر ئەو مەزهەبە بوون.(٣)

هەتا کۆتایی سالانی پەنجاکان دادوەریی شەرعی هەر ملکەچی ڕێسا مەزهەبییەکان بوو، بەڵام کە یاسای کاروباری کەسێتیی ژمارە (١٨٨) دەرچوو حوکمەکانیشی هەموو موسڵمانەکان و خەڵکانی تریشی دەگرتەوە، ئەوانە نەبێت کە بە یاسای تایبەت ئاوازە کرابوون وەکو مەسیحی و جوولەکەکان.

ئەمجا کە یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٤٧)ی تایبەت بەرێکخستنی دادگا مەدەنییەکان دەرچوو، واپێویست کرا لەسەر هۆزە ئاینییە ناموسوڵمانەکان کە حوکم و ڕێسا فیقهییەکانی خۆیان بنووسنەوە و لەژێر سەرپەرشتیی وەزارەتی داددا بڵاوی بکەنەوە، ئەوانیش جێبەجێیان کرد، و هەندێکی هۆزە مەسیحییەکان حوکمەکانی خۆیانیان لەرۆژی (١٩٥٠/٧/٦) دا و لە ژمارە (٢٨٥٥)ی گۆڤاری (الوقائع العراقیە)دا بڵاوکردەوە. جولەکەکانیش لە ژمارە (٢٦٩٨)ی رۆژی (١٩٤٩/١/٣١)دا بڵاویانکردەوە. حوکمەکانی سابیئە





مەندائییەکانیش سپێردرایە وەزارەتی داد، و هەرچی یەزیدییەکانیشە حوکمەکانی خۆیانیان نەنوسی. بەڵام رۆژنامەی (لالش)، کە لەهەولێر دەردەچێت، لە ژمارە (١٣و ١٤)ی ساڵی (٢٠٠١)ی خۆیدا پرۆژەی یاسای کاروباری کەسێتیی یەزیدییەکانی بڵاوکردەوە، کە چەند پسپۆرێکی یاسایی نوسیبویان.(٤)

پاش نزیکەی ساڵ و نیوێك لەدروستبوونی حوکمی کۆماری لەعیراق، واتە لەپاش چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ و لەپاش چەندان هەوڵی لێبراوانەی فیقهی و یاسایی دادوەر و ریفۆرمیستەکان، کە لەکۆتاییهاتنی سەردەمی پادشاییەوە قۆڵیان لێهەڵماڵیبوو بەمەبەستی بەرپاکردنی ئارامی و جێگیریی ژیانی خێزانی و کۆتاییهێنان بەو پەشێوی و ناڕێکییانەی کە لە حوکمەکانی دادوەریی شەرعیدا هەبوون، یاسای ژمارە (١٨٨)ی کاروباری کەسێتی دەرچوو، ئەم یاسایەش پشتی بە حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی بەستبوو، و بەبێ جیاوازیکردنیش مەزهەبەکانی ئیسلامی تێ تێکەڵ کرابوو. بەڵام ئەم یاسایە هەروەکو خۆی نەمایەوە، بەڵکو زۆر هەموارکردنی بەسەردا هێنرا، یەکەمینیان لەساڵی (١٩٦٣)دا بوو. پاشان لەحەفتاکان و هەشتاکاندا چەند پرەنسیپێکی نوێی خرایەسەر، زۆربەیان بۆ ژنان باشن، تەنها

ئەوانەیان نەبێت کە مۆرکی سیاسییانەیان هەبوو، وبۆ خزمەتکردن بە بۆچوونە خێڵەکییەکانی ڕژێمی سەدام حسەین خرابوونە سەری.[٥]

سەیر لەوەدایە پاش چل و شەش ساڵ لە دەرچوونی ئەم یاسایەو پاش چالاکبوون و کەوتنەگەڕی ئەو بۆچوونانەی کە باس لەمافی ژنان و ئارامیی خێزان دەکەن، عیراقییەکان لەوە سەریان سوور دەمێنێ کە لەلایەن ئەنجومەنی فەرمانڕەواییەوە، ئەو ئەنجومەنەی کە لەپاش رووخانی سەدام حسەینەوە بەشێکی ئیدارەدانی عیراقی گرتە دەست بڕیارێك دەردەچێت ( بڕیاری ژمارە ١٣٧) کە فەرمان دەدات یاسای کاروباری کەسێتی هەڵبوەشێنرێتەوە و کار بەدادوەریی مەزهەبی بکرێتەوە. ئەگەرچی ئەو بڕیارە سەرسوورهێنەرە بەماوەیەکی کەم لەپاش دەرچوونیەوە، لەساڵی (٢٠٠٤) هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام سەرلەنوێ کاریگەرییەکانی لەناو دەقەکانی ئەو دەستورەدا دەرکەوتەوە، کە بە راپرسییەکی میللی پەسەندکرا. پاشتر هەر لەم توێژینەوەیەدا باس لەو کاریگەرییانە دەکەم.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## باشییەکانی یاساکە

لەناو باسی ئەو هۆکارانەدا هاتووە ، کە بوونی یاسای (١٨٨) پێویست کردووە،:

"لەبەرئەوەی حوکمە شەرعییەکانی کاروباری کەسێتی لەناو یاسایەکدا تەشریع نەکراون کە کۆی وتەی فەقیهەکان کۆبکاتەوە و بەوشێوەیە بێت کە لەگەڵ بەرژەوەندیی سەردەمەکەدا زۆر گونجاوبێت، دادوەریی شەرعییش لەحوکمەکانی خۆیدا پشتی بەو دەقانە دەبەست، کە لە کتێبە فیقهییەکاندا هاتبوون، لەو باسانەشدا کە ناکۆکییان لەسەر هەبوو پشتیان بە فەتوا و بە دادوەریی دادگاکانی ناو وڵاتە ئیسلامییەکان دەبەست.

هەروەها بەهۆی فرەیی سەرچاوەکانی دادوەری و جیاوازیی حوکمەکانەوە ژیانی خێزانەکان نائارام و مافەکانی تاکە کەسیش نامسۆگەر دەبوو، ئەمانە پاڵنەرێك بوون بۆ بیرکردنەوە لە دانانی یاسایەك کە گرنگترینی ئەو حوکمە شەرعییانە بەیەکەوە کۆبکاتەوە کە ڕێککەوتنیان لەسەرە".

ئەو یاسایە تەواوی ئەو دەروازە فیقهییانەی تێدابوو کە تایبەتو پەیوەندیداربوون بە زەماوەندو تەڵاق، مناڵبوون، رەچەڵەك، دایەنی، نەفەقە، وەسێت و میراتییەوە و پرەنسیپەکانی خۆیی جگە لە شەرعی ئیسلام، لە یاسای پەسەندکراوی وڵاتە ئیسلامییەکان و دادوەریی شەرعیی عیراقەوە هەڵێنجراوە.[٦]



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بةشى زةماوةند و شياوى

## ( باب الزواج و الأهلية )



مەکتەبی بیروهۆشیاری

١- یاساكە بەگشتی ددانی بە یەكژنیدا ناوە، بەو مانایەی، كە وەكو زۆری یاسا عەرەبی و ئیسلامییەكان سەیری فرەژنیی نەكردووە مافی پیاوان بێت، بەڵكو وایداناوە، كە هێنانی زیاتر لەژنێك تاوانێكە یاسا سزای دەدات بە زیندانیكردنێك كە لەساڵێك زیاتر نەبێت، و غەرامەی سەد دینار، یان هەردووكیان بەیەكەوە، ئەگەر مێردەكە رەزامەندیی داوەر وەرنەگرێت، بۆ ئەو رەزامەندییەش دەبێت لە هێنانی ژنی دووەمدا بەرژەوەندییەكی رەوا هەبێت و پیاوەكە هێندە توانای دارایی هەبێت كە بتوانێت پتر لە ژنێك بەخێوبكات (مادەی٣) برگەی پێنجی ئەم مادەیەش دەڵێت "اذا خیف من عدم العدل بین الزوجات فلایجوز التعدد، و یترك تقدیر ذلك للقاضي" واتە (ئەگەر ترسی دادوەری نەكردن لەنێوانی ژنەكاندا هەبوو فرەژنی رێی پێنادرێت، هەڵسەنگاندنی ئەوەش بۆ دادوەر بەجێدەهێڵرێت) گرنگیی ئەو كۆت و پێوەندانەی كە بۆ فرەژنی دانراون لەوكاتانەدا دەردەكەوێت كە بە پاكی لەلایەن ئەو دادوەرانەوە پیادە دەكرێت كە لایەنگرو وابەستەی هیچ بیروبۆچوونێكی پێشینە نیین، چونكە گەر دادوەرانە لە داوای





مێردەكە بكۆڵرێتەوە دەبێ دادوەر داواكەی رەت بكاتەوە. بەڵام شتێك كە لەئەرێی بوونی ئەو رێگرییانە كەم بكاتەوە ئەوەیە كە زۆربەی زەماوەندەكانی فرەیی لەدەرەوەی دادگا ڕوودەدەن، هەروەها هەندێكی مێردەكان ژنەكانی خۆیان ناچاردەكەن كە بچنە بەردەم دادگا و لەترسی دروستكردنی گرفت بۆ خۆیان و چارەنوسی منداڵەكانیان رەزامەندی لەسەر ژنهێنانی تری مێردەكانیان پیشان بدەن. لەپاڵ ئەمانەشەوە هەمواركردنەوەیەكی تری یاساكە لێخۆشبوونێكی بۆ پیاو دەركرد، بەوەی ئەگەر ئەو ژنەی تر كە دەیهێنێت ئەگەر بێوەژن بێت پێویست ناكات پیاو رەزامەندیی دادوەر وەربگرێت، لەبەرئەوەی كە بێوەژنەكان رێژەیەكی زۆری دانیشتوانی عیراق پێكدەهێنن.[٧]

دانانی مەرج لەبەردەم فرەژنیی و رووكردن لە بچوككردنەوەی بازنەكەی، هەنگاوێكی دانسقەی یاسادانەرانی عیراق نییە، چونكە یاسای مەغریبیش مەرجی بۆداناوەو یاسای تونسییش هەر بەیەكجاری قەدەغەی كردووە، جگە لەمانەش ئیمام محەمەد عەبدەی موفتیی میسر، لەبیستەكاندا فەتوایەكی وای دا كە فرەژنی لەئیسلامدا لە حەرامكردنەوە نزیكترە تا لەرێپێدان.

٢- مەرجی یاسا بۆ شیاوی ژن و مێرد بۆ زەماوەندکردن بریتییە لە:عاقڵی و تەواوکردنی هەژدەساڵی (م٧ـ١)ئەو تەمەنەش بۆ هەردووکیان گونجاوە. ئەو مادەیە پێش هەموارکردنی مەرجی باڵغبوون و عاقڵیی دانابوو، باڵغبوونیش زاراوەیەکی تەمومژاوییە، بەتایبەتییش لەبەرئەوەی وا دادەنێن کە کچ لە تەمەنی نۆساڵیدا باڵغ دەبێت. بەهۆی ئەم جیاوازییە لە تەمەنی باڵغبووندا دادگاکان چەندان حوکمی جیاوازیان دەرکرد. هەروەها مادەی هەژدە بارودۆخی هەندێکی ئەو گەنجانەی لەبەرچاو گرت کە زوو دەست دەدەنە ژنهێنان، یان باری توندوتیژیی خێزانی لەدژی ئیرادەی خۆیان کاردەکات و لەمەشەوە چەندان کێشەی کۆمەڵایەتی دێتەکایە، بۆیە ڕێگەی ژنهێنانی ئەو کەسانەی دا، کە تەمەنی پانزەساڵیان تەواوکردووە، چونکە دادگا بۆی دەرکەوت ناڕازیبوونی کەسوکارەکانیان زۆر شایانی لەبەرچاوگرتن نییە. شایانی باسە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی دادگا لەسەر شووکردن و ژنهێنان لەم تەمەنەدا ڕەزامەندیی کەسی بەخێوکەر پێویستە.

٣- یاسا بەپێویستی داناوە زەماوەندکردن لە دادگادا تۆمار بکرێت، ئەوەشی بەپێویست داناوە ئەوانەی گرێبەستی زەماوەند دەکەن ناسنامەو تەمەنی خۆیان ئاشکرا بکەن و





ڕاپۆرتێکی پزیشکییش لەسەر ئەوە پێشکەش بکەن کە تەندروستییان باشە. هەروەها سزای ئەو کەسەشی کە لەدەرەوەی دادگا زەماوەند دەکات بەوە داناوە کە ماوەیەك زیندانی بکرێت لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لەساڵێکیش زۆرتر نەبێت، لەگەڵ غەرامەی (٣٠٠) دینار. ئەگەر پیاوەکە ژنی هەبوو، ژنێکی تری مارەبڕی سزاکەی زیندانیکردن دەبێت بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵیش زۆرتر نەبێت.

٤- یاسا لەمەسەلەی زەماوەندکردنی زۆرەملەییشی پێچاوەتەوە و سزاشی بۆ داناوە (م٩). ئەگەر ئەو کەسانەی خەڵك ناچاردەکەن زەماوەند بکەن لە کەسانی نزیکی پلە یەك بن، (وەکو دایك و باوك بۆ نمونە) ئەوا سزاکەی زیندانیکردنێکە، کە لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت لەگەڵ غەرامەکردندا، یان بەیەکێك لەم دووسزایە. بەڵام ئەگەر ناچارکردنەکە لەڕێگەی کەسێکی تری دەرەوەی خێزانەوەبوو، وەکو خزم و بێگانە، ئەوا سزاکەی زیندانیکردنی ماوەیەکە لە دەساڵ زۆرتر نەبێت و لە سێ ساڵیش کەمتر نەبێت.

هەروەها یاسادانەران گرنگییان بە ڕواڵەتێکی تری زۆرکردن لە ژنان داوە، کە ئەویش قەدەغەکردنی

شووکردنیانە، وەك ئەوەی کە کوڕەمامێك ڕێگە نەدات کچی مامەکەی لە خۆی زیاتر شوو بەکەسی تر بکات. بۆیە هەستکردن بەمەش وابووە کە ڕێگە لە خزم و کەس گیراوە لەوەی نەهێڵن کەسێك شووبکات کە بۆ شووکردن لەباربێت، سزای ڕێگرەکە دەدرێت. هەروەها تێبینیی ئەوەش دەکرێت کە یاسا تەنها تایبەت نەبووە بۆ پاراستنی ژنان، بەڵکو پاراستنی بۆ پیاوانیش داناوە، ئەگەرچی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوە دەزانرێت کە قوربانییەکانی ناچارکردن و قەدەغەکردن لە ژنانن.

٥- مادەی سی و نۆ دادی ئەو ژنە تەڵاقدراوەی بینیوە، کە مێردەکەی بە زۆرەملەیی تەڵاقیدەدات و ژنەکە لە تەڵاقەکەوە زەرەرمەند دەبێ، ئەم مادەیە قەرەبوویەکی بەسەر مێردەکەدا فەرزکردووە کە لەگەڵ توانای داراییەکەی و ئاستی ستەمەکەدا بگونجێت، بەو مەرجەی کە ژنەکە داوای قەرەبوو بکات. دەبێ نەفەقەکەشی لە ماوەی دووساڵ زیاتر نەخایەنێت. سەرباری ئەوەش یاسای (مافی ڕەهای ژن لەشوێنی نیشتەجێبوون)ی ژمارە (٧٧)ی ساڵی (١٩٨٣) دەرچوو. بەپێی ئەم بڕیارە ئەو دادگایەی کە سەیری داوای جیابوونەوەکە، یان جیاکردنەوەکە دەکات دەتوانێت لەپاش تەڵاق و جیاکردنەوەکە ژنەکە لەماڵی مێردەکەیدا بهێڵێتەوە،





کە جاران لەگەڵیدا نیشتەجێ بوو، دەبێ ئەو نیشتەجێکردنە بەبێ مێردەکەش بێت و کرێیش لەبریی وەرنەگرێت، ئەگەر شوێنی نیشتەجێبونەکە هەمووی یان بەشێکی موڵکی پیاوەکەبوو، یان لەلایەن ئەوەوە بەکرێگیرابوو.

ئەمە لەکاتێکدا دەبێت کە ژنەکە خۆی داوای ئەوە بکات، بەپێی هەندێ مەرج دەبێت ماوەی سێ ساڵ تێیدا دابنیشێت. بەڵام ژنی تەڵاقدراو لەکاتێکدا لەم مافەی بێبەری دەکرێت، کە هۆی تەڵاقدانەکەی ئەوەبێت ناپاکیی لەمێردەکەی کردبێت، یان ناشز بوبێت. یان خۆی بە تەڵاقەکەی قایل بوبێت، یان بە موخالەعە تەڵاقی وەرگرتبێت، دواهۆیش ئەگەر ژنەکە خۆی خانویەکی سەربەخۆی هەبوو.

٦- یاساکە زۆر هۆکاری بۆ جیاکردنەوەی قەزایی دۆزیوەتەوە (مادەکانی ٤٠ ـ ٤٦) بۆ ئەوەی ژن و هەروەها پیاویش مافی بەدەستهێنانی تەڵاقیان هەبێت. ئەگەرچی تاکە حەقی تەڵاق بەدەستی پیاوەکەیە، دەتوانین بڵێین ئەو هۆکارانە بەگشتی ئەمانەن:

أ- ئەو زیانەی کە ئەستەمە ژیانی خێزانی لەگەڵیدا بەردەوام بێت، وەك خووگرتن بە تلیاك و سەرخۆشکەرەکان و قومارکردنەوە.

ب- ئەنجامدانی خیانەتی ژن و مێردایەتی.

ج- بە ئەنجامگەیاندنی گرێبەستی هاوسەری پێش تەواوکردنی تەمەنی هەژدەساڵی بەبێ ڕەزامەندیی قازی.

د- زەماوەندکردن بە زۆرەملێیی بێت و لەدەرەوەی دادگا ئەنجام بدرێت.

هـ- مێرد بەبێ ڕەزامەندیی قازی ژنی دووەم بهێنێت.

و-ناکۆکیی وا بکەوێتە نێوانی خێزانەوە کە دادگا نەتوانێت چارەسەری بکات و مێردەکەش مل بە تەڵاقدانی ژنەکەی نەدات.

جگە لەمانەش دادگا ڕێگەی داوە بە ژن لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە داوای جیابووونەوە بکات:

أ ـ ئەگەر مێردەکەی بە حوکمێك سزادرا، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ ئازادیی لێ قۆرخ بکات.

ب ــ ئەگەر مێردەکەی بۆ ماوەی دووساڵ و زیاتر بەجێیهێشت.

ج ـ ئەگەر داوای ئەوەی لێ نەکرد بیگوێزێتەوە.

د ـ ئەگەر ژنەکە مێردەکەیی بینی لەبەر هۆکاری ئەندامی یان دەروونی توانای خێزانداریی نەبوو، یان لەپاش ژنهێنانەکەیەوە تووشی پەککەوتن هات و ئومێدی چاکبوونەوەی نەمایەوە.





هـ ـ نەزۆکیی مێرد.

و ـ مێردەکە توشی نەخۆشییەکی وابوو، کە ژنەکە نەتوانێت لەگەڵیدابنوێت و بێ زیان بێت، وەك نەخۆشییەکانی سوزەنەك، جزام، سیل، زوهەری و شێتی.

ز ـ ملنەدانی مێردەکە بە دابین کردنی خەرجی، یان ئومێدی ئەوەی نەما خەرجیی پێ دابین ببێت، یان ئامادە نەبوو ئەو نەفەقەیە بدات کە لەسەری کەڵەکە بووە.

ح ـ ژن مافی ئەوەی هەیە بەبێ پێشکەشکردنی هۆکاریش داوای جیابوونەوەی بکات، بەو مەرجەی ئەو داوایەی پێش گواستنەوەی بێت، بەومەرجەی چی پارەیەکی لە مێردەکەی بە مەبەستی زەماوەندکردن وەرگرتووە بۆی بگەڕێنێتەوە، هەروەها چیی مارەکەییشی وەرگرتبێت بیگەڕێنێتەوە بۆی.

ی ـ ئەگەر مێردەکە سێ ساڵ بوو لە دەرەوەی عیراق بوو، و بەدوای ئەوەوە بوو کە ڕەگەزنامەیەکی بێگانە وەربگرێت.

ك ــ ئەگەر مێردەکە وون بوو، چوار ساڵ بەسەر وونبونەکەیدا تێپەڕی.

ل ـ ئەگەر مێردەکە سەرپێچیی ئەو بەڵێنەیی کرد، کە منالی ژنەکەی لە مێردی پێشووی بەخێوبکات.

هەروەها لەیاساکەدا ئەوەش هاتووە، کە دەکرێ هەموو ئەم شتانە بە هەموو ئامرازەکانی سەلماندن بسەلمێنرێن.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

جگە لەمانەش جیاکردنەوەی خۆویست (خولع) هەیە، ئەمەش بەوە دێتەدی کە مێردەکە قایل ببێت لە بەرامبەر قەرەبوویەکدا، کە ژنەکە پێشکەشی دەکات ئامادەبێت تەڵاقی بدات، ئەو قەرەبووە دەکرێ لەو مارەییە کەمتر یان زۆرتربێت کە ژنەکە لەوی وەرگرتووە.

ئەم حوکمە لەڕووی ئاسانکردنی رێوڕەسمی تەڵاقەوە روویەکی باشی هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا ژنەکە دەخاتە بەر ئەگەری تەنگ پێهەڵچنین. چونکە لەوانەیە مێردەکە داوای قەرەبوویەکی وابکات کە لە دەستەڵاتی ژنەکەدا نەبێت. پاشان کەم لە ژنان هەن توانای دارایییان هەبێت. هەرچی ئەو مارەییەشە کە لێرەدا کاری پێکراوە لەوانەیە بە تەواوی سەرف کرابێت و نەمابێتەوە.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## دایەنی (الحضانة)

یاساکە دان بەوەدا دەنێت کە دایك مافی دایەنیی زیاترە لەکاتی دروستبوونی ژن و مێردایەتیدا و لە پاش جیابوونەوەش (مادەی ٥٧). هەمووارکردنی زۆر بەسەر ئەم مادەیەدا هاتووە، و لەبەرژەوەندیی دایکانی تەڵاقدراو بووە، بەم مادەیە ئەو توانایە بە ژن دراوە کە بتوانێت ئەگەر شوویشی کردووە دەست بە کوڕەکەی یان کچەکەی خۆیەوە بگرێت. ئەمە بەپێچەوانەی زۆربەی یاساکانی عەرەبەوەیە، کە ئەوان مافی دایەنی لە دایك دەسەننەوە لە کاتی شووکردنەوەیدا.

لەکاتی مردنی باوکی منداڵیشدا خزمانی باوکەکە چ ژن بن یان پیاو مافی ئەوەیان نییە لەسەر لێسەندنەوەی مافی دایکایتی شەڕ بە دایك بفرۆشن بۆ لێسەندنەوەی مافی پەروەردەکردنی کوڕەکانی یان کچەکانی. ئەگەر دایکەکە مەرجەکانی دایەنیی تێدا مابوو، وەکو (پێگەیشتوویی، عاقڵی، متمانەداری، توانای پەروەردەکردنی منداڵەکە) (تەنانەت ئەگەر شووبکاتەوە بە بێگانەیەکیش، مەبەست لە بێگانەیی لێرەدا ئەوەیە لە باوکەوە خزمی منداڵەکە نەبێت، و عیراقی بێت).

**ئەو حوکمانەی کە لە مادەی (٥٧)دا هاتوون، ئەگەرچی باشیشن، بەڵام هەندێك ناکۆکییان تێدایە. بۆنموونە بڕگەی دووی مافی دایەنی دەداتەوە بەو دایکەی تەڵاقدراوە، ئەگەر شوویش بکاتەوە، مەرجی ئەوەیش دانانێت، کە دەبێت مێردەکەی عیراقی بێت، بەڵام بڕگەی نۆ عیراقی بوونی ئەو کەسەی کە شووی پێدەکاتەوە دەکات بە مەرج. من وا دادەنێم، کە ئەم مەرجە لەبەر هۆکاری سیاسی دانراوە. پەیوەندیشی بەو هەڵمەتی کۆچ پێکردنانەوە هەیە، کە لەهەشتاکاندا هەموو ئەو عیراقییانەی گرتەوە کە ڕژێمی سەدام وایدانان کە ڕەچەڵەکیان ئێرانییە. ئەو کاتە کۆمەڵە یاسایەك دەرچوو هانی ئەو مێردانەی دەدا کە ئەگەر ژنەکانیان رەچەڵەکیان ئێرانی بوو، تەڵاقیان بدەن، بۆ ئەمە خەڵاتیشی دەکردن. ئەو یاسایانە پیاوەکانیان سەرمەشق دەکرد لەوەی ژنەکانیان تەڵاق بدەن و خۆیان لەعیراقدا بمێننەوە، یان ئەگەر پەیوەندییە خێزانیەکەیان بەردەوام بوو، خۆشیان کۆچ پێبکرێن. هەمان ئەم بڕیارانە بۆ ژنانیش هەروا بوو.**

**لەوەدا یاسادانەران گرنگییان بە بەرژەوەندیی منالی دایەندار داوە، کە مەرجی ئەوەیان داناوە دەبێ مێردی دایك پەیمانی سەرپەرشتیکردنی کوڕ یان کچی ژنەکەی بدات و**





**زیانیان پێنەگەیەنێت. تەنانەت پەشیمانبوونەوەی لەو پەیمانەش کردووە بە هۆکارێك، کە ژنەکە بەهۆیەوە دەتوانێت داوای جیابوونەوەی دادوەرییانە تۆمار بکات، بەڵام یاساکە ئەم مەرجانەی بۆ ژنی باوك دانەناوەو لەمەشەوە مناڵانی بەر دایەنی زیانمەند دەبن.**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# کةموکووڕییةکانی یاساکة



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

١ــ دیــارترین شــتێك كــە لــەم یاســایەدا ڕووبــەڕوومان دەبێتــەوەو لــەو حوكمانەیــە كــە زیــادەڕەوی لــە هــەڵاواردنی نێــوانی ژنــان و پیاوانــدا دەكــەن، ئەوانــەن كــە لەســەر ئــەو بیرۆكەیــە دامــەزراون، دەبــێ ژن گوێڕایــەڵی مێردەكــەی بێــت (مــادەی٢٥) فەقیهــە پێشووەكانیش زۆر لەسـەر شـیكردنەوە و بەڵگــە لەســەر پێــشكەشكردنی راســتبوونی ئــەم مەســەلەی ڕۆیـشتوون. ئـەم یاسـایەش ئـەو ژنـە بـە (ناشـز) دادەنێـت كـە گوێڕایــەڵیی مێردەكــەی نــەكات. راســتە ڕێگــەی ئەوەشــی لەمێردەكــە گرتــووە، كــە زیــان بــە ژنەكــەی بگەیــەنێت و زیادەڕەوی لەبەكارهێنانی مافی گوێڕایەڵیدا بكات، هەروەها وا لەسـەر دادگـاش پێویـست كـراوە كـە دەبـێ (لـە دەركردنـی حـوكمی نـشوز بەسـەر ژنـدا لەسـەر خۆبێـتو هەرچـی هـەوڵی هەیە بیخاتەگەڕ بۆ لادانی ئەو هۆیانەی كە نەهێڵن متاوەعە ڕووبدات) و نـشوز ببێتـە هۆیـەكی جیابوونـەوە، بـەڵام هـەموو ئەمانــەش بــەرپابوونی دادپــەروەری مــسۆگەر ناكــەن، و ئــەو بیرۆكەی نشوزەش كە لەقورئاندا هاتووە ، لەگەڵ ئەو شتەدا ڕێـك نایەتـەوە كـە یاسـاكە لەبارەیـەوە بڕیـاری لەسـەر داوە. چـونكە ئـەو ئایەتـەی كـە نـشوزی تێدایـە و دەیكەنـە بەهانـە





مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەسەر ژنان (واللاتي تخافون نشوزهن فعظوهن و اهجـروهن في المــضاجع و اضــربوهن) كــە ماناكــەی دەفــەرموێ (ئــەو ئافرەتانـەش ئێـوە دەترسـن سەركێـشی و سەرپێـچی بكـەن، سـەرەتا ئامۆژگارییـان بكـەن، ئەگـەر سـودی نـەبو لـەناو جێـدا پشتیان تـێ بكەن، ئەگەر ئەوەش سودی نەبوو لێیـان بـدەن)[8] لەبەرامبەریـدا زۆر ئایـەتی تـر هەیـە نـەهیی ئـەوە لـە پیـاوان دەكـات كـە نابێـت زیـان بـە ژنـەكانیان بگەیـەنن و ئـەوەیان بەسەردا فەرزدەكات كە مامەڵەی باشیان بكەن، ئەگەر تەنانەت رقیــشیان لێیــان بێــت، ڕێگــەی ئــەوەیان لێــدەگرێت كــە دوژمنایەتییان بكەن، هەروەها تەنانـەت خوودی پەیامبـەریش ئەگـەر ژنـەكانی خـۆی حـەزیان نـەكردبا لەگەڵیـدا بمێننـەوە ناچـاری نـەدەكردن (ان كـنتن تـردن الحیـاة الـدنیا و زینتهـا فتعالین أمتعكن و اسرحكن سراحاً جمیلا، و ان كنتن تردن الله و رسـوله و الـدار الآخـرة فإن الله اعد للمحسنات مـنكن أجـراً عظیما) (سورەتی الأحزاب ٢٧ و ٢٨) واتە (ئەی پێغەمبـەر بـە هاوســەرانت بڵــێ: ئەگــەر ئێــوە تــەنها ژیــانی دنیــا و رازاوەییەكـەیتان دەوێـت، وەرن بـا هەنـدێك شتومەك و پـارە و سامانتان پێببەخشم، لـەوەودواش بەجوانترین شـێوە دەسـت بــەردارتان بــبم، خــۆ ئەگــەر ئێــوە خــواو پێغەمبەرەكــەیو پاداشتی ڕۆژی قیامـەتتان دەوێـت، ئـەوە دڵنیـابن، كـە خـوا بـۆ

چاکەکارانتان پاداشتی زۆر گەورە و بێ ئەندازەی ئامادەکردووە.)[٩] پاشان ئایەتی نشوز جۆرێك هەڵسوکەوتکردنی کەسێتی بە پیاوان دەڵێت، کە بۆ ئەوە شیاونین دەقی یاساییان لەسەر دابمەزرێنیت.

یاسا لە تەنها یەك باردا ڕێگە بە ژن دەدات، کە گوێڕایەڵیی مێردەکەی نەکات، ئەو بارەش ئەوەیە کە مێردەکە فەرمانی شتێکی پێبکات کە پێچەوانەو سەرپێچی شەرع بێت. بۆیە ئەگەر لەبارێکدا ڕاڤەکردنێکی دادپەروەرانەی دەقەکان سود لێوەربگیرێت و جەخت لەسەر مەبەستی شەریعەت بکرێت، نەك پیت بەپیتی دەقەکان، ئەوا ژنیش دەتوانێت سود لەم لێبوردنە وەربگرێت. بەڵام ئومێدی کارکردن بەم ئاراستەیە لاوازە، بەدەر لەمەش گوێڕایەڵیکردنی بەرامبەر بە مێرد پێویست کراوە، بۆیە ئەگەر ژنەکە ماڵی مێردەکەی بەجێهێشت، یان بەبێ بوونی بەهانەیەکی شەرعی ئامادە نەبوو گەشتی لەگەڵدا بکات، لەمافی نەفەقە بێبەری دەکرێت، بۆیشی نییە مل نەدات بەوەی لەگەڵ خزمەکانی مێردەکەیدا نیشتەجێ ببێت مادەی (٢٦). ئەمجا بۆ خۆلادان لەو ستەمەی، کە بەهۆی حوکمی نشوزەوە دەکەوێتە سەر ژن، مادەی(٢٥) بڕیاری دا کە ئەوە مافی ژنە بە دووساڵ لە پاش ئەوەی حوکمی نشوزەکە پلەی (قەتعی) وەردەگرێت، بۆی





هەبێت داوای جیابوونەوە بکات. بەڵام ئەمەش دادپەروەری نییە بەرامبەر بە ژنەکە، چونکە دەبێت ماوەیەکی درێژی تریش چاوەڕوان بکاتەوە تا حوکمی جیاکردنەوەکەش پلەی (بتاتاً) وەردەگرێت. زۆرجاریش مێردەکە بۆ زیانگەیاندن بە ژنەکەی بەدەمەوەچوونی ئیشەکان دوادەخات.

٢ـ یاساکە لە مادەی چوارەمیدا پرەنسیپی بریکاری لە زەماوەندکردندا پەسەند دەکات، ئەمەش ئەگەرچی لەچەندبارێکی دیاریکراودا ڕێوڕەسمی زەماوەندکردن ئاسان دەکات، زۆربەی جارەکان لە دژی ژنان بەکاردەهێنرێت، وەك ئەوەی بەبێ ئەوەی خۆیان رازی بن، یان بەبێ ئەوەی ئاگادارین بەشوودەدرێن، و بریکارەکەشیان، باوك، باپیر، یان مام دەبێت. ئێستە کاتی ئەوە هاتووە چاو بەم مادەیەدا بخشێنرێتەوە، لەبەرئەوەی کە زەماوەندکردن، ئەگەرچی گرێبەستێکە، بەڵام ئەو گرێبەستە وەکو گرێبەستی دارایی و بازرگانی نییە.

بۆیە ئەگەر یاسا ڕێگای بە بریکاریکردن داوە لەزەماوەندکردندا، ئەوە ڕێگە لەوە ناگرێت کە بەدوای راست و دروستیی مەسەلەکەدا بگەڕێیت و ناچارکردنی ئەو کەسەی تێدانەبێت کە بریکارییەکەی بۆ کراوە، ئەگەر زۆرەملەیی تێدابوو، ئەوا کەسی بریکار سزابدرێت.

٣ـ مادەی حەڤدەی یاساکە، ڕێگە لە ژنی موسڵمان دەگرێت شوو بە پیاوی دەرەوەی ئیسلام بکات، بەڵام ڕێگە بە پیاوی موسڵمان دەدات ژنی کیتابی (ناموسڵمان) بهێنێت. ئەم حوکمە لەناو قورئاندا پاڵپشتی نییە، بەڵکو بەرەنجامی چەند ئیجتیهادێکی فیقهییە، کە چەمکی باڵادەستیی پیاو(سەرپەرشتیکردنی خێزان و دابینکردنی خەرجی)یان بەستۆتەوە بە مەسەلەی ئایینەوە. لە ئەنجامی ئەم حوکمەوە پیاوانی ناموسڵمان (کیتابی) ناچاردەبن بۆ ئەوەی، کە زەماوەند لەگەڵ ئەو ژنە موسڵمانەدا بکەن، کە خۆیان هەڵیانبژاردووە دەبێ بە ڕواڵەت ئیسلامبوونی خۆیان رابگەیەنن، لەمەشەوە ئەو ئامانجەی یاسادانەرەکە نایەتەدی، کە دەیەوێ پارێزگاری لە ئیسلامەتیی ژنەکەو منداڵەکانی داهاتووی بکات، چونکە کابرای کیتابی هەر لەسەر ئایینەکەی خۆی دەمێنێتەوەو کاریگەرییش دادەنێت.

٤ ـ مادەی سی و هەشت تەڵاق دەکات بە دووبەشەوە:

تەڵاقی رەجعی (گەڕانەوەیی) ئەو تەڵاقەیە کە تێیدا دەشێت پێش بەسەرچوونی ماوەی (عدە)ی ژنەکە، پیاوەکە بگەڕێتەوە بۆلای بەبێ ئەوەی پێویست بکات گرێبەستێکی نوێ ببەستنەوە. بەشی دووەم بریتییە لە تەڵاقی (بائن)[١٠] کە





وا لە مێردەکە دەخوازێت، ئەگەر بگەڕێتەوە بۆلای ژنەکەی دەبێ سەرلەنوێ مارەی ببڕێتەوەو مارەییشی بداتێ.

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە لێرەدا بریتییە لە تەڵاقی گەڕانەوەکە. چونکە یاسا ددان بەوەدا دەنێت کە (گەڕانەوەی مێرد بۆلای ژنە تەڵاقدراوەکەی بەوشتە جێگیر دەکرێتەوە، کە تەڵاقی پێدەکەوێت)و ئاماژەیەك بە رەزامەندیی ژنەکە نادات، ئەمەش مانای وایە، کە دەستپێکردنەوەی ژیانی خێزانی لەسەر رەزامەندیی ژنەکە راناوەستێت و دەکرێ گەڕاندنەوەکە لەسەرووی ویستی ئەوەوە رووبدات.

هەروەها تێبینیی ئەوە لەسەر ئەم بڕگەیە هەیە، کە لەلایەك زۆر کرچەو لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ زۆری ئەو ئایەتانەی قورئاندا ناکۆکە، کە جەخت لەسەر گرنگیی بوونی خۆشەویستی و بەزەیی لەزەماوەنددا دەکەن و ناشکرێ چاوەڕوانی بوونی خۆشەویستی و بەزەیی لە ژیانی ئەو ژنەدا بکەین کە ناچار دەکرێت بۆئەوەی لەگەڵ ئەو مێردەدا بمێنێتەوە کە نایەوێت.

ئایەتی (٢٢٨)ی سوڕەتی (البقرە) سەبارەت بە گەڕانەوەی مێرد بۆلای ژنی تەڵاقدراوی خۆی دەڵێ دەبێ ئارەزووی چاککردنەوە هەبێت (والمطلقات ینربصن بأنفسهن ثلاثة قروؤ"أشهر"ولا یحل لهن ان یکتمن ما خلق الله في أرحامهن ان

کن یؤمنّ باللّٰه و الیوم الآخر و بعولتهن احق بردهن في ذلك ان ارادوا اصلاحاً) واتە ژنانی تەڵاقدراو دەبێت تا سێ جار چەندبارە بوونەوەی سووڕی مانگانە چاوەڕێ بکەن (و شوونەکەنەوە) و حەڵاڵ نییە بۆیان ئەوەی خوا لەمنداڵدانیاندا دروستی کردووە (منداڵ یان حەیز) بیشارنەوە، ئەگەر باوەڕیان بەخواو بە رۆژی دوایی دامەزراوە، (لەوماوەیەدا) هاوسەرەکانیان شایستەن بە گەڕانەوەیان لەماوەی چاوەڕوانی و عیدەدا ئەگەر ویستیان چاکسازی لەژیانی خۆیاندا بکەن "ئەمەش بۆ تەڵاقی رەجعییە".

چاکسازییش بەرێکەوتنی هەردوولا نەبێت و بە کۆتاییهێنان و بەو کێشانە نەبێت کە تەڵاقەکەیان دروستکردووە، بەرپانابێ. تێبینیی ئەوەش دەکرێ کە ئایەتەکە ئاماژە بە گریمانی ئەوە دەدات کە ژنە تەڵاقدراوەکە سکی هەبێت، لەم بارەشدا بەرژەوەندی لەوەدا هەیە بگەڕێتەوە بۆ لای مێردەکەی کە تەڵاقی داوە. بەڵام گەڕانەوەکە مەرجی ساغیی نیازی مێردەکەو ئارەزووی راستەقینەی ئەوی تێدایە بۆ چاککردنەوەی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ژنەکەیدا، ئەمەش روونادات تا دڵنیایی لە ئامادەیی ژنەکە بۆ گەڕانەوە بۆلای مێردەکەی بە ئارەزووی خۆی، نەك بەزۆر، بەرپانەبێ.





ئایەتێکی تریش نەهیی ئەوە لە مێردەکان دەکات، نابێ زیان بە ژنەکانیان بگەیەنن، ئەو ئایەتە دەفەرموێ (واذا طلقتم النساء فبلغن أجلهن (کە عدەکەیان تەواو بوو، ماوەکەی سێ مانگە) فامسکوهن بمعروف أو سرحوهن بمعروف ولاتمسکوهن ضراراً لتعتدوا ومن یفعل ذلك فقد ظلم نفسه) واتە (کاتێك ژنانی هاوسەرتان تەڵاقداو ئەوانیش گەیشتنە کۆتایی عیدەیان ئەوسا یان بیانهێڵنەوە لای خۆتان بەچاکەو رێزەوە، یان دەست بەرداریان ببن بە چاکەو رێزەوە، مەیانهێڵنەوە بە ئێش و ئازارەوە بۆئەوەی دەستدرێژی و ستەمیان لێبکەن، هەرکەس ئەوەبکات ئەوە ستەمی لە خۆی کردووە.) (سورەتی البقرە ٢٣١ـ ٢٣٢)[١١]، ئایەتێکی تر هەیە بە هەمان مانا ئاماژە بەوەدەدات کە پیاوان مافی ئەوەیان نییە رێگەی شووکردنەوە لە ژنەکانیان بگرن، پاش تەواوبوونی کاتی عدەکەیان.

هەموو ئەمانە رێنوێنیی بەرەو ئەوەمان دەکەن، کە ئەوشتەی فیقهناسە پێشووەکان و یاسادانەرانی یاساکانی کاروباری کەسێتی پشتیان پێبەستووە، لەپێدانی مافی گەڕانەوە بۆلای ژن بەوپیاوەی کە ژنەکەیی تەڵاقداوە، لە قورئانەوە وەرنەگیراوەو چەند ئیجتیهادێکی هەڵەیەو دەکرێت وەلابنرێت.

٥- مادەی (٣٩) بۆ هەر کەسێك کە تەڵاقی بوێت پێویستی دەکات، کە لەدادگای کاروباری کەسێتی دەعوا تۆماربکات ئەگەر ئەوەی پێنەکرا ئەوا دەبێت لەماوەی (عدە)ی ژنەکەدا تەڵاقەکەی لەدادگا تۆماربکات، بەڵام سزایەکی بۆ سەرپێچیکەرانیش دانەناوە، ئەمەش زۆری ژنەکان دەخاتە ناو بارێکی نائارامییەوە لەبەر ئەوەی یاساکە دان بەوەدا دەنێت، کە مافی تەڵاقدان و گەڕاندنەوەی ژن تەنها بەئیرادەی پیاو بێت.

ئەگەرچی یاساکە دان بەوەدا دەنێت کە ئەگەر ژنەکە لەلایەن مێردەوە ڕێگەی پێدرا بتوانێت تەڵاقەکە شکست پێ بێنێ (مادەی ٣٤) واتە ئەوەی کە پێی دەڵێن دوا بڕیار بەدەست ئەو بێت، چێوەی بەکارهێنانی ئەم مافە لەلایەن ژنانەوە هەر لەبەرتەسکترین سنووردا دەمێنێتەوە پێشم وانییە یاسادانەر ئاگاداری ئەو داب و نەریتانە نەبێت کە ڕێگەی پیادەکردنی ئەو مافە لەژنان دەگرن، جگە لەوەش زۆری پیاوان ئامادە نین مافی تەڵاق وەرگرتن بەدەست ژنەکانیانەوە بدەن، بۆیە ڕێژەیەکی کەمی ئەو ژنانەی کە خوێندنی باڵایان خوێندووە دەتوانن سوود لەم ڕێگەپێدانە وەربگرن. بوونی چەند ئایەتێك لەقورئاندا کە مافی تەڵاق دەدات بە پیاو مانای ئەوە نییە ژن نەتوانێت تەڵاقەکە بخات،





چونکە ئایەتێکی وا لەئارادا نییە، ڕێگەی بەهرەمەندبوونی لەو مافە لێوەرگرێت، لەپاڵ ئەمەشەوە ئایەتێکیش لەسەر ئەو ڕێپێدانە لەئارادا نییە کە یاساکە دانی پێداناوە، کەواتە ئەوە تەنها چەند ئیجتیهادێکە دەتوانین بەو ئاڕاستەیەشدا پەرەی پێبدەین کە دان بەوەدا بنێت مافی تەڵاق بۆ ژنیش بێ.

لەبەرچاوگرتنی ئەو فۆرمی گرێبەستی زەماوەندەی کە مافی هەریەکەی ژنیش و پیاویشی تێدا دەنوسرێت و تێیدا هاتووە کە دەبێت پیاوان ڕازی بن لەسەر ئەوەی ڕێگەی تەڵاق وەرگرتن بەژنەکانیان بدەن، وا دەزانم شتێك لە موعاناتی ژنەکان لەناو دادگاکاندا کەم دەکاتەوە، هەروەها هەزاران داوای جیاکردنەوەش لەکۆڵی دادگا دەکاتەوە.

ڕێپێدان بە تەلاق وەرگرتن هەڵسوکەوتێکی ناوەندییە لەنێوان تەملیك و بەوەکیل کردندا ڕێگەی ئەوەش بەکەسی ڕێپێدەر ناگرێت، کە هەڵسوکەوت بەو بڕیارەوە بکات، کە داویەتییە دەستی ژنەکەی، بەڵام مادەم شێوازی ڕێپێدانی تێدایە ئەمەش وەکو هەر دەستەڵاتپێدانێکی تر وایەو بواری پەشیمان بوونەوەی تێدا نییەو شێوازی بریکاریی کردنەکەش سوود بەژنەکە دەگەیەنێت. هەروەها مانا و مەبەستی دووبارکردنەوەشی تێدایە وەك ئەوەی مێردەکە بەژنەکەی خۆی بڵێت: "کەی و چۆن ویستت خۆت تەڵاق بدە"

"بەم شێوازە ژنەکەش دەتوانێت وەك پیاو سێ بەسێ خۆی تەڵاق بدات، بەڵام ڕێپێدانە گشتییەکە تەنها یەك تەڵاقی پێدەکەوێت [12] و بەوەش پیاوەکە دەتوانێت لەماوەی عیدەی ژنەکەیدا کە (٣٠) ڕۆژە بەویستو خواستی خۆی بگەڕێتەوە بۆ لای".

٦. لەدەروازەی نەفەقەدا یاسا دان بەوەدا دەنێت کە هەر مرۆڤێك نەفەقەکەی لەسەر ماڵی خۆی دەبێت تەنها ژن نەفەقەکەی لەسەر مێردەکەیەتی"٥٨". لەوە دەچێ ئەم حوکمە ناڕەوا بێت لەسەر پیاو ئەگەر ژنەکە دەوڵەمەند بوو، داهاتێکی وای هەبوو بەشی بکات ئایا ئەوە ڕوویەکی دادپەروەری نییە ئەگەر یاسا ژنەکەش ناچار بکات کە ئەویش بەشداریی لەدابینکردنی خەرجیدا بکات؟ چونکە دەکرێت مێردەکە دایكو باوكو خوشكو برای خۆشی بەخێو بکات ئیتر بۆچی دابینکردنی خەرجیی ژنە دەوڵەمەندەکەشی بەو بسپێرین. لەڕوویەکی ترەوە یاساکە، وەك ئەوەی لەبابەتی نشوزدا باسم کرد ژن لەمافی نەفەقە بێ بەری دەکات ئەگەر ئامادە نەبێت بەبێ بوونی بەهانەیەکی ڕەوا سەفەر لەگەڵ مێردەکەیدا بکات، ئەگەرچی ئەوپەڕی پێویستیشی بەو نەفەقەیە هەبێت.





مادەی ٥٩ دێت قورسیەکی تر دەخاتە سەرشانی باوك، قورسیی ئەوەی کە تا شووکردنی کچەکەی هەر دەبێت خەرجیی بۆ دابین بکات، بەبێ ئەوەی ئاماژەیەك بە کارکردنی کچەکە بکات، لەمەوە تێدەگەین کە ئەگەر کچەکە داهاتی کارکردنی خۆیشی هەبوو ئەوا باوکەکە دەبێت هەر خەرجیی بۆ دابین بکات.

٧. چەند مادەیەك لەیاساکەدا هەن حوکمەکانی خۆیانیان لەیاسای مەدەنییەوە وەرگرتووە بەتایبەتیش لەکێشەکانی وەسێتو سەرپەرشتیکارو ناکۆکی یاساکاندا، مادەی (١٠٢)ی یاسای مەدەنی دەڵێت: "سەرپەرشتیاری کەسی بچووك باوکیەتی پاشان جێنشینی باوکی پاشان باپیری ڕاستەوخۆی، پاشان جێنشینی باپیرە ئەمجا دادگا" (تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەم دەقە ناوی دایك ناهێنێ هەروەها مادەکە ئاماژە بە باپیری ڕاستەوخۆی دەکات واتە باپیری لەباوکەوە)، لەبەرامبەری ناوی باپیری ڕاستەوخۆداو لەناو زاراوەی فەقێیایەتیدا زاراوەی باپیری فاسد هەیە واتە باپیری لەدایکەوە، ئەمەش هەر لەو قسەیەیان دەچێت کە برای باوك دەڵێن (الاخ المبارك) واتە برای پیرۆز. لەئاڕاستەی یاساکەوە وا دەردەکەوێت کە سووکایەتی بە پێگەی دایك دەکات ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی قورئانە کە ئامۆژگاریمان

دەكات بەبێ جیاوازی چاكە لەگەڵ دایكو باوكدا بكەین. یاسادانەرەكە لێرەشدا پشت بەدەقێكی پیرۆز نابەستێ، بەڵكو شوێنی ئیجتیهادی فەقێكان دەكەوێت كە سەدان ساڵ پێش ئێستا فەتوایان لەسەر داوە. هەر لەم بوارەدا یاسای سەرپەرشتی كردنی خەرجیی نەوەكانمان وادەزانم مافی سەرپەرشتی كردنی مناڵ لەكاتی مردنی باوك یان باپیردا دەدات بەدایك.

٨ ـ لە مەسەلەكانی زەماوەند كردنو تەڵاقداندا هەمیشە دەبێ شایەتەكان لەپیاو بن، لەم رووەوە لەناو یاسای كاروباری كەسێتیدا دەقێك لەئارادا نییە، بەڵام دابو نەریتەكە وا هاتووە كە شایەتیدانی ژنانی بەگشتی وەلا ناوە. كەچی لەهەمان كاتدا لەناو مەترسیدارترین یاساكانی تاوانو كەتندا شایەتی دانی یەك ژن دەبێتە بەهانەی یاسایی. ئەو شتەی كە فەقێكانی پێشوو نوێكەرەوەكانی ئێستەش لەكەمكردنەوەی شیانیی ژندا بۆ شایەتی دان پشتی پێدەبەستن بریتییە لە دەقێكی قورئانی تەرخانكراو بۆ مامەڵەی قەرزكردن (یا أیها الذین امنوا إذا تداینتم بدین الى أجل مسمی فاكتبوه ولیكتب بینكم كاتب عدل..واستشهدوا شاهدین من رجالكم فان لم یكونا فرجل و إمرأتان ممن ترضون من الشهداء ان تضل احداهما فتذكر احداهما





الأخری) "البقرة ٢٨١"(واتە ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر قەرزێكتان كرد لەیەكتر تا ماوەیەكی دیاریكراو، ئەوە بینوسن و با نوسەرێك كە دادپەروەربێت بەڕاستی و دروستی لەنێوانتاندا بینوسێت، با هیچ نوسەرێك سەرپێچی نەكات لەنوسین، دووان لەپیاوەكانتان بكەن بە شایەت، ئەگەر دووان نەبوون، ئەوا پیاوێك و دوو ژن لەوانەی كە بە شایەت قبوڵتانن، ئەگەر یەكێكیان لەیادی چوو، ئەوی تریان لەیادی دەمێنێ)[١٣]. فەقێكان پێوەرێكی نادادپەروەرانەیان لەسەر ئەم ئایەتە وەرگرتووە، گشتگیرییان كردووەو بەدەمییەوە دوور رۆیشتونو بانگەشەی كەمی شیانیی ژنی پێدەدەن. هەروەها بەڕێوەچوونی كاروباری ناو دادگاكان ئەوەمان پیشان دەدەن كە بڕێكی زۆری شایەتیدەرانی فرتو فێڵ كار لەنزیكی دادگاكان دەوەستنو لەبەرامبەر كرێدا ئامادەن شایەتی بدەن، هەروەها دامەزرانی ژنان وەك دادنووسو قازی وادەكات بەكەمزانینی شایەتیدانی ئەوان مەسەلەیەكی سەیری وا بێت كە ئەگەری شیكردنەوەی نەبێت، چونكە دادنووسێكی ژن چۆن دەتوانێت مامەڵەیەكی قەرز وەك بەڵگەنامە بەرەسمی تۆمار بكاتو بەژنێكی تر بڵێ ئەوە بۆی نییە شایەتی بدات كە ژنە.

پرسیارێکی گرنگ لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا دەوروژێت کە جیاوازی لەنێوانی ژنان‌و پیاواندا دەکرێت هەروەها مامەڵەی قەرزپێدانیش رایی دەکەن بۆ ئەو مامەڵانە ئەگەر پیاو لەئارادا نەبوو تەنها شایەتیدانی ژنان وەردەگیرێت، ئایا لەم بارەدا فیقهناسەکانی سعودیە دەڵێن ئەو مامەڵەی قەرزپێدانە مامەڵەیەکی پووچە لەبەر ئەوەی کە شایەتی پیاوی تێدانییە بەتایبەتیش سعودیە وڵاتێکە سیستمێکی توندی جیاوازی کردنی نێوانی دوو رەگەزەکەی تێدایەو چەندان دامەزراوەو بانکی سەربەخۆی بۆ هەردوو رەگەزەکە دامەزراندووە؟

٩ــ دواین مەسەلە کە ماوە پەیوەندی بەو غەرامانەوە هەیە، کە یاسا دەیسەپێنێت بەسەر ئەو کەسانەدا کە سەرپێچیی حوکمەکانی دەکەن وەك (تۆمار نەکردنی زەماوەند، ژنهێنانی دووەمو، بەشوودانی بەزۆرو رێگەگرتنی زەماوەند کردن). ئەم غەرامانەش پێویستیان بەوە هەیە چاویان پێدا بخشێنرێتەوە لەبەر ئەوەی لەنەوەدەکانەوە تاکو ئێستا بەهای پارەی لای ئێمە دابەزیوە بۆ نزمترین ئاستی خۆی.

هەروەها دوا تێبینی تایبەتە بەو یاسای جێبەجێکردنەی، کە لەهەشتاکاندا دەرچوو تایبەت بوو بە پێدانی





هاوکارییەکی مادیی بە ئەو ژنەی کە ناتوانێ نەفەقە لەمێردەکەی وەربگرێت. ئەو یارمەتییە لەسندوقێك وەردەگیرا کە بەتایبەت بۆ ئەو مەبەستە دانرابوو، پاشان ئەو پارەیەی، کە بەژنەکە دەدرا وەك قەرزێك لەسەر مێردەکەی حساب دەکرا، بەڵام کارکردن بە ئەو یاسایە بەماوەیەکی کەم لەپاش دەرچوونییەوە هەر لەهەشتاکاندا راگیرا. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجە تراژیدییەکانی زۆری ژنان پێویستە ئەو یاسایە جارێکی تر بخرێتەوەگەڕ.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## چارەنووسی یاساکە لەسایەی دەستووردا

دەرچـوونی یاسـای کاروبـاری کەسـێتی لـەکاتی خۆیـدا کاردانـەوەی زۆری لـەلای ئـەو ناوەنـدە ئایینییـە دەمارگیرانـە دروست کرد کە هیچ گۆڕانێکی وا بەعەقڵیاندا نەدەچوو کە ڕێکخستنی پەیوەندییە خێزانییەکانو پاراستنی مافەکانو دادپەروەربوون بەرامبەر بەژنان بکاتە ئامانج تەنانەت ئەگەر ئەو شتانە لەشەریعەتی ئیسلامە هەڵهێنجرابان. هەروەها چەند لایەنێکی سیاسی ئایینیان خستبووە خزمەتی ئەو هەولانەی خۆیانەوە کە بۆ گەیشتنە دەستەڵات خستبوویانە گەڕ. بۆیە هەڵمەتەکانی ئەوان لەدژی یاساکە ئارام نەبووەوە هەتا پاش کودەتاکەی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەیاسای ژمارە (١١) هەمواریان کردەوە، ئەوەش یەکەمین هەموارکردن بوو بەئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەقە بوو کە تایبەت بوو بە یەکسان کردنی نێرو مێ لەمیرات وەرگرتندا. باسێکی وا هەیە، کە لایەنە ئایینییەکان ناڕەزاییەکیان لەسەر ئەو یەکسانییە نەبوو کاتێک، کە لەیاسای گواستنەوەی موڵکیەتی





مەکتەبی بیروهۆشیاری

زەوییە ئەمیرییەکاندا (ئەوانەی موڵکی دەوڵەتی عوسمانی بوون) باسکرا.

لەناو ئەو هۆکارانەی، کە یاسای ژمارە (١٨٨)تیان پێویست کردبوو هاتووە کە ئەو لێژنەیەی راسپێردرابوو بۆ داڕشتنی یاساکە پێی وابووە کە بەرقەرارکردنی ئارامی بۆ هەموو کۆمەڵگا لەماف و ئەرکەکاندا وادەخوازێ کە:

(حوکمەکانی میرات یەك بخرێن و وایان لێبکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی گواستنەوەی زەوییە ئەمیرییەکاندا، کە ماوەیەکی زۆرە دانراون و خەڵك پەسەندی کردوون و مامەڵەیان پێدەکرێت، گونجاوبێت)و ئەو ڕێسایانەی لەوێدا هاتوون لە یاسای ناوبراودا لەبەرچاو بگیرێت.و بکرێتە بنەمای میرات لە عەقار و ماڵی گواستراوەدا، ئەمەش لەبەرئەوەی زۆر لەگەڵ حوکمە شەرعییەکاندا ناکۆك نییە.

هەروەها وەکو لەسەرەتاوە باسم کرد جارێکی دیکە هێرش بردنە سەر یاسای کاروباری کەسێتی لەشێوەی بڕیارێکدا دەرچوو کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٣)دا لەلایەن ئەنجومەنی فەرمانڕەواییەوە دەرکرا، بەپێی ئەو بڕیارە دەبێ یاسای (١٨٨) وەلابنرێت و حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی بەپێی مەزهەبەکان لەبەرچاو بگیرێن. بەڵام ئەم بڕیارە شانسی بەردەوامیی نەبوو، و بەماوەیەکی کەم پاش دەرچوونی

بـــەهۆی نـــەیاریی حزبـــە سیاســـییە نائایینییـــەکان و ڕێکخراوەکـــانی ژنـــان و حـــاکمی مـــەدەنیی ئەمریکییـــەوە هەڵوەشێنرایەوە.

بەڵام ئەوەش کۆتایی شتەکان نەبوو، جارێکی دیکە لایەنگرانی بڕیاری (١٣٧) هاتنەوە تیۆریزەکردن بۆ بیرۆکەی دادوەریی مەزهەبی لەڕێگەی دەستورە نوێیەکەوە، بۆیە لە مادەی (٣٩)ی ئەویشدا هات کە (العراقیون أحرار في الالتزام باحوالهم الشخصیة حسب دیاناتهم أو مذاهبهم أو معتقداتهم أو اختیاراتهم، و ینظم ذلك بالقانون) واتە(عیراقییەکان ئازادن لە پەیڕەویکردن بە کاروباری کەسێتیی خۆیانەوە، بەپێی ئایینیان، مەزهەبیان، یان بیروباوەڕ و هەڵبژاردنی خۆیان، ئەمەش بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت). لەسەر بنەمای ئەم ئەم ڕێسا دەستوورییەش دەکرێ پڕۆژەی یاسایەك بخرێتە بەردەستی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ، ئەوە ڕێکبخات کە چۆن هاوڵاتیان لە پەیڕەویکردنی کاروباری کەسێتیی خۆیاندا ئازادییەکانی خۆیان پیادەبکەن.

پێشبینیی ئەوە دەکرێت ئەم پڕۆژەیە یەکێکی ئەم دوو ڕێگایە بگرێتەبەر:

-یان یاسای کاروباری کەسێتی هەڵبوەشێنرێتەوە و بگۆڕدرێت بە یاسای حوکمە مەزهەبی و ئایینییەکان، یان





ئەوەتا هەموار بکرێتەوە و وایلێبکرێت، کە تەنها بەسەر ئەو کەسانەدا پیادە ببێت کە دەیانەوێت ملکەچی حوکمەکانی بن، پاشان دادگاگەلێکی جەعفەری و سوونی و چەندێکی تری مەسیحی و جولەکە و سابیئە و یەزیدی دابمەزرێنرێن. زۆر لا هەن چاوەڕوانی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئایندەن بۆ بڕیاردان لەوەی کە ئایا یاسادانەران کامی ئەم دوو ئاراستەیە دەگرنەبەر.

گریمانێکی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر زۆرینەیەکی وا گەیشتە ناو ئەنجومەنی نوێنەران، کە نەیاری ئاراستە مەزهەبییەکان بێت پێشنیاری هەموارکردنی ئەو ڕێسا دەستورییە بکرێت.

لەکۆتاییدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوەبکەین کە بەهەدەردانی ئەو دەستکەوتانەی کە یاسای کاروباری کەسێتی بەرپای کردوون و دامەزراندنی دادگای مەزهەبی فاکتەری دابەشبوون و پەرتبوونی نێوانی موسڵمانان دەبێ و دەبێتە هۆیەکیش بۆ داخورانی خێزانەکان. بەتایبەتیش لەبەرئەوەی، کە ژن و ژنخوازیی نێوانی شیعە و سوونەکان بوو بە بەشێکی شتەباوەکانی ناو کۆمەڵ و ژنیش دەبێتە قۆچی قوربانی، چونکە زۆربەی حوکمە شەرعییەکان لایەنگری پیاوانن.

جێـی ئامـاژەیــە، كــە ڕێگــەدان بــە خــەڵكانی ناموسـڵمان مەسەلەیەكە بەهانەی خۆیی هەیە، لەبەرئەوەی جیاوازیی زۆر لەنێوانی ئایینەكاندایە، نەك مەزهەبەكانی یەك ئایین.





# پەراوێز

١ـ هادی محمود ـ موقع نساء سوريا الالكتروني: عالم الغد.

٢ـ القاضي زهير كاظم عبود ـ مقال في الموقع الالكتروني للصابئة المندائية.

٣ـ هادي محمود ـ المصدر السابق.

٤ـ ملاحظات حول مشروع نظام الأحوال الشخصية للايزيديين ـ ديندار شيخاني ـ موقع بحزاني للطائفة الايزيدية.

٥ـ الأسباب الموجبة ـ نص قانون رقم ١٨٨.

٦ـ المصدر السابق.

٧ـ وضع هذا الاستثناء بموجب التعديل السادس للقانون ـ قانون رقم (١٨٩) لسنة (١٩٨٠).

٨ـ دەقی ئەم مانایەم لە تەفسیری ئاسانەوە وەك خۆی وەرگرتووە. نوسینی برهان محمدأمين.

٩ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

۱۰ـ تەڵاقی بائن دابەش دەبێت بۆ (بائن بینونە صغری) کە ئەمەیان ئەوەیە لەپاش تەڵاقەکەوە ڕێگە بەمێردەکە دەدرێت جارێکی تر بە مارەیی و گرێبەستێکی نوێوە بگەڕێتەوەلای ژنەکەی، دووەمیشیان بریتییە لە (بائن بینونە کبری) کوبرا واتە گەورە، ئەمەیان وەسفێکی فیقهییە بۆ تەڵاقی سێ بەسێ، و لەپاش ئەمە ناکرێت مێرد بگەڕێتەوە بۆلای تەڵاقدراوەکەی، مەگەر ژنەکە شوو بەیەکێکی تر بکاتەوە و پاشان بەتەڵاق یان بە مردن لێی جیاببێتەوە.

۱۱ـ بڕوانە پەراوێزی (۸).

۱۲ـ الفقه المقارن للأحوال الشخصية ـ بدران أبو العينين.

۱۳ـ هەمان سەرچاوەی (۸) بەڵام بە تۆزێك كورتكردنەوەوە.





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

## بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ۱. | التقرير العام الى المؤتمر الثاني للأتحاد الوطني لكردستاني (الطبعة الأولى) | مام جلال | شباط-۲۰۰۱ |
| ۲. | وتەی هەڤاڵ مام جەلال لە کۆبوونەوەی کادیراندا | | ۲۰۰۲ |
| ۳. | هەڵۆی سوور | فازیل کەریم ئەحمەد | ۲۰۰۲ |
| ٤. | لمحات من تأريخ إذاعة صوت شعب كردستان | ئامانج کاکە سور | ۲۰۰۲ |
| ٥. | ئیسلامی سیاسی | فەرید ئەسەسەرد، عەباس خۆشناو وهی تر | ۲۰۰۲ |
| ٦. | ئایین‌و تایفە ئایینییەکان لەکوردستان | ن: میهرداد ئیزەدی و: کامەران فەهمی | ۲۰۰۲ |
| ۷. | سروشتی یاسایی بڕیاری ٦۸۸و چۆنێتیی کاراکردنی | شەماڵ عەبدوڵلا | ۲۰۰۲ |
| ۸. | سەید قوتب و تیۆریی تەکفیر کردنی کۆمەڵ و دەوڵەت | فەرید ئەسەسەرد | ۲۰۰۲ |
| ۹. | سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لەچەمکی هاوڵاتیبوون | یوسف گۆران | ۲۰۰۲ |
| ۱۰. | چەمکی بیرۆکەی دەوڵەت لەجوگرافیای سیاسیدا | فەرید ئەسەسەرد | ۲۰۰۲ |
| ۱۱. | ناسیونالیزم وکەمینەکان لەسیاسەتی نێودەوڵەتاندا | جەودەت ئیسماعیل لوتفی، سیروان عارف | ۲۰۰۲ |
| ۱۲. | بەراورد لەنێوان رژێمە فیدرالەکاندا | سەیوان کاکە ڕەش | ۲۰۰۲ |
| ۱۳. | لەپێناوی دیموکراتیزەکردنی حوکم لەعیراقدا | مەحمود رەزا | ۲۰۰۲ |
| ۱٤. | فیدرالیزم وئۆتۆنۆمی | دیلمان محەمەد | ۲۰۰۲ |
| ۱٥. | شۆڕشی ئۆکتۆبەرو چارەنووسی چەند گەلێکی خۆرهەڵات | محمود ڕەزا ئەمین | ۲۰۰۲ |
| ۱٦. | پشتیوانانی ئیسلام لەکوردستاندا | نیاز سەعید | ۲۰۰۲ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .١٧ | ئیسلامی سیاسیی لەزەبروزەنگەوە بۆ بەخۆدا چوونەوە | ن: سەعد مەولا<br>و: جەمال غەمبار | ٢٠٠٢ |
| .١٨ | ئێزدیەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠٠٢ |
| .١٩ | پوکانەوەی دەوڵەتی کەمایەتی | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| .٢٠ | پـۆلێنکردنی تاوانـەکانی ئـەنفال بـەپێی جۆرەکـانی جینۆساید | د. مارف عومەرگوڵ | ٢٠٠٢ |
| .٢١ | رێکخـستن یەکێکـە لەبنـەما سـەرەکیەکانی چـالاکی حزب | محەمەد مەنگوڕی | ٢٠٠٢ |
| .٢٢ | كركوك مدينة الضاحكة بالنار والنور | عوني الداودي | ٢٠٠٢ |
| .٢٣ | الأيزيدية تأريخها وطقوسها | د. خليل جندي<br>هوشنگ بروکا | ٢٠٠٢ |
| .٢٤ | کوردوتورکمان، تێڕوانینێك بۆ میکانزمەکانی پێکـەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان | یوسف گۆران | ٢٠٠٢ |
| .٢٥ | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ١ | | ٢٠٠٢ |
| .٢٦ | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٢ | | ٢٠٠٢ |
| .٢٧ | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٣ | | ٢٠٠٢ |
| .٢٨ | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٤ و ٥ | | ٢٠٠٢ |
| .٢٩ | جیهانی روناکبیری ژمارە ١ | | ٢٠٠٢ |
| .٣٠ | جیهانی روناکبیری ژمارە ٢ | | ٢٠٠٣ |
| .٣١ | التقريـر العـام الى المـؤتمر الثـاني للأتحـاد الـوطني لكردستاني(الطبعة الثانية) | مام جەلال | ٢٠٠٣ |
| .٣٢ | المناهج والنظام الداخلي للأتحاد الوطني الكردساني | | ٢٠٠٣ |
| .٣٣ | پرۆگـرامو پێـڕەوی نـاوخۆی یـەکێتی نیـشتیمانی کوردستان | | ٣٠٠٣ |
| .٣٤ | تیۆری فیدرالیزم | ن: فرانتس نیومان<br>و: کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٣ |
| .٣٥ | نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی | ن: مۆنتسرات گیبرنا<br>و: کەمال رەشید شریف | ٢٠٠٣ |
| .٣٦ | چەمك وپرنسپەکانی دیموکراسی | بەکر صدیق | ٢٠٠٣ |
| .٣٧ | نـەوت و سیاسـەتی نێودەوڵـەتان لەخۆرهـەڵاتی | ن: دانیاڵ یەرگین | ٢٠٠٣ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| | ناوەڕاستدا | و: کەمال رەشید شریف | |
| .٣٨ | سۆسیالیستەکانی پێش مارکس | ن: د.مستەفا رەحیمی<br>و: کەمال رەشید شەریف | ٢٠٠٣ |
| .٣٩ | خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا | ئەنوەر حسێن | ٢٠٠٣ |
| .٤٠ | تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی | تۆفیق عومەرمحەمـەدو هـی تر | ٢٠٠٣ |
| .٤١ | ئابوری کوردستان | ن: مهیرداد ئیزدەی<br>و: کامەران فەهمی | ٢٠٠٣ |
| .٤٢ | عیراق ومەسەلەی کورد | کۆمەڵێ نوسەر | ٢٠٠٣ |
| .٤٣ | ئاینو مەسەلەکانی دیموکراسیو ئینتەر ناسیونالیزم | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٣ |
| .٤٤ | ئاناریشزمو دەوڵەت | زاهیر شکور | ٢٠٠٣ |
| .٤٥ | ئوسولێەت: چەمك، میتۆد ، سەرچاوەو ئاسۆ | عەبدوڵلا قەرەداغی | ٢٠٠٣ |
| .٤٦ | شیعەکانی عیراق | ن: د. عەبـــدوڵلا فەهـــد نفیسی<br>و: عەبدوڵلا قەرەداغی | ٢٠٠٣ |
| .٤٧ | دەوڵەتی یاسا | سەید تایەر حەمە ئەمین | ٢٠٠٣ |
| .٤٨ | شێوەی ئاسیایی بەرهەمهێنان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٣ |
| .٤٩ | کورتەی مێژووی فەلسەفە | مەحمود مەلا عیززەت | ٢٠٠٣ |
| .٥٠ | ناسیونالیزمی کوردی(١٨٨٠-١٩٣٩) | هیوا عزیز سەعید | ٢٠٠٣ |
| .٥١ | نرکەی قەرەداغ | ئەکرەم حەمە ئەحمەد | ٢٠٠٣ |
| .٥٢ | شەڕی ئابوریو ململاتی جیهان ل سەر دەریا قەزوین | هاشم زێباری | ٢٠٠٣ |
| .٥٣ | سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك | ن: د. نوری تاڵەبانی<br>و: مـــەریوان حوســـێن چیمەنی | ٢٠٠٣ |
| .٥٤ | انتهاكات حقوق الأنسان والجرائم | د. منذر الفضل | ٢٠٠٣ |
| .٥٥ | مؤشرات سياسة التعريب والتجهير في اقليم كوردستان العراق | الـدكتور خليـل إسماعيـل محمد | ٢٠٠٣ |
| .٥٦ | المسلمون يحتاجون لأجابات أفضل | توماس فريدمان | ٢٠٠٣ |
| .٥٧ | الكرد الفيليون وحزب البعث | سعد بشير أسكندر | ٢٠٠٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٥٨ | فیدرالیزمو سیستەمەکانی یەکێتیی فیدرالی | ن: عەلی ئەلشممەری<br>و: حەسەن یاسێن | ٢٠٠٤ |
| .٥٩ | ئەرکەکانی ڕێکخستن لەقۆناغی نوێی خەباتدا | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٤ |
| .٦٠ | لێکۆڵینەوە لەئیسلامی سیاسی | نیاز سەعید علی | ٢٠٠٤ |
| .٦١ | تیرۆریستان لەئاوا بوونن | شەهید خەسرەو عوسمان<br>ئا: ئازاد هەینی | ٢٠٠٤ |
| .٦٢ | بیری ناسیونالیزمی تورکمان | یوسف گۆران | ٢٠٠٤ |
| .٦٣ | جەنگی ئاو | ن: جون بولوك و عادل دەروێش<br>و: شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٤ |
| .٦٤ | کورد لەجەنگی روسیا لەگەڵ ئێران وتورکیادا | ن: پ. ی. ئەڤیر یانۆڤ<br>و: د. ئەفراسیاو هەورامی | ٢٠٠٤ |
| .٦٥ | پرنسیبی دەستێوەرنەدان لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا | خەلیل عبدوڵڵا | ٢٠٠٤ |
| .٦٦ | شۆڕشی شێخ عوبەیدولای نەهری لەبەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا | نەجات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٤ |
| .٦٧ | ئاو لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا | ئەندەش یاگ سکوك | ٢٠٠٤ |
| .٦٨ | تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت | د. ئەفراسیاو هەورامی | ٢٠٠٤ |
| .٦٩ | تەعریبو راگواستن لەبەڵگەنامەکانی بەعس دا | لەتیف فاتیح فەرەج | ٢٠٠٤ |
| .٧٠ | کۆماری کوردستان- مەهاباد ١٩٤٦ لەرووی یاسای گشتی نێودەوڵەتییەوە | نەوزاد مەجید<br>خدر سەرموردی | ٢٠٠٤ |
| .٧١ | شەهیدانی ١ی شوبات | | ٢٠٠٤ |
| .٧٢ | ڕێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان | شەماڵ عبداللە | ٢٠٠٤ |
| .٧٣ | کاریگەری ئاو | کاروان ئەحمەد | ٢٠٠٤ |
| .٧٤ | کورتە باسێکی پیرۆیسترۆیکاو چەند بابەتێکی تر | د. ئەرسەلان بایز | ٢٠٠٤ |
| .٧٥ | ئەورووپا لەهەردوو سەردەمی بوژاندنەوەو رۆشنگەریدا | کەیوان ئازاد | ٢٠٠٤ |
| .٧٦ | الأسلام السياسي والأرهاب الدولـي | د. منذر الفضل | ٢٠٠٤ |
| .٧٧ | المجتمع المدني ومستقبل الأثنيات في العراق | د. خليل إسماعيل محمد | ٢٠٠٤ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| .٧٨ | - مندلي في التأريخ | محمد جميل بندي الروژبياني | ٢٠٠٤ |
| .٧٩ | تحديد حدود إقليم كوردستان العراق | جزا توفيق طالب | ٢٠٠٤ |
| .٨٠ | حق تقرير مصير | سعد بشير | ٢٠٠٤ |
| .٨١ | التهجير والتعريب من وجهة النظر القانونية | د. احمد موسوي | ٢٠٠٤ |
| .٨٢ | کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی | ن: گیلان<br>و/ نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٤ |
| .٨٣ | کاریگەری بەجیهانی بوون لەسەر سەرداریەتی دەوڵەتاندا | ئاوات شێخ جەناب بەکر صدیق | ٢٠٠٤ |
| .٨٤ | پاراستنی مافی کەمینەکان | خلیل عبداللە | ٢٠٠٤ |
| .٨٥ | خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی | د. البرت عیسا | ٢٠٠٤ |
| .٨٦ | حاجی قادری کۆیی | فازیل کەریم ئەحمەد | ٢٠٠٤ |
| .٨٧ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ١ | | ٢٠٠٤ |
| .٨٨ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٢ | | ٢٠٠٤ |
| .٨٩ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٣ | | ٢٠٠٥ |
| .٩٠ | سیستمی سیاسی چین | خلیل عبداللە | ٢٠٠٥ |
| .٩١ | پێگەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان | خلیل عبداللە | ٢٠٠٥ |
| .٩٢ | چەمکی ئازادی سیاسی | ن: فرانتس نیومان<br>و: د. کاوسین بابکر | ٢٠٠٥ |
| .٩٣ | سیستمەکانی هەڵبژاردن و پرنسیپەکانی دەنگدان | ڤیان مەجید | ٢٠٠٥ |
| .٩٤ | سیستمی فەرمانڕەوایی لەئیسرائیل | روستم محمود کۆکۆیی | ٢٠٠٥ |
| .٩٥ | پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە | مەجید صالح | ٢٠٠٥ |
| .٩٦ | ئەمریکاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | عەباسی ئەحمەدی | ٢٠٠٥ |
| .٩٧ | مێژووی بیری کوردی | فازیل کەریم ئەحمەد | ٢٠٠٥ |
| .٩٨ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٤ | | ٢٠٠٥ |
| .٩٩ | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٥ |
| .١٠٠ | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان - سەرهەڵدان و نوێبوونەوە | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٥ |
| .١٠١ | عیراقی نوێ | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٥ |
| .١٠٢ | کوردو عروبە | بابەکر دڕەیی | ٢٠٠٥ |
| .١٠٣ | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠٠٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .١٠٤ | سیستمی فیدرالّی ئەلّمان | ئا: محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠٠٥ |
| .١٠٥ | دەربارەی دیموکراسی | ن/ رۆبەرت کابلان<br>و/ عبدالرزاق خەیلانی | ٢٠٠٥ |
| .١٠٦ | عیراق: دیموکراتیزەکردن یان هەلّوەشاندنەوە | رەفیق سابیر | ٢٠٠٥ |
| .١٠٧ | کۆمەڵو سیستەمی دیموکراسی | حەمە دۆستان | ٢٠٠٥ |
| .١٠٨ | زمانە فەرمیەکان لەدەستوری عیراقدا | تارق جامباز | ٢٠٠٥ |
| .١٠٩ | پێکدادانی شارستانیەکان | ن: سامۆیل پ. هانتینگتۆن<br>و: مامەند رۆژە | ٢٠٠٥ |
| .١١٠ | دیموکراسی دیدێکی فەلسەفی | ن: د. امام عبدالفتاح امام<br>و: حەسەن یاسین | ٢٠٠٥ |
| .١١١ | لە پەراوێزی چاکسازیدا | هەڵکەوت عەبدوڵلا | ٢٠٠٥ |
| .١١٢ | لودڤیگ فۆیەرباخو کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەلّمانی | ن: فردریك ئەنگلس<br>و: سالار رەشید | ٢٠٠٥ |
| .١١٣ | فیدرالیزم و ئەزمونە جیاوازەکانی | ئا: و: ئیسماعیل حەمە ئەمین | ٢٠٠٥ |
| .١١٤ | لیبرالیزم، چەمك و مێژوو | ن: جان سالوین شاپیرۆ<br>و/ عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠٠٥ |
| .١١٥ | عیراق لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | خلیل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| .١١٦ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە (٥ ـ ٦) | | ٢٠٠٥ |
| .١١٧ | البحث عن الأسلام السياسي | نیاز سعید | ٢٠٠٥ |
| .١١٨ | الواقع الأقتصادي ـ الأجتماعي لمحافظة السليمانية | د. كمال الخياط | ٢٠٠٥ |
| .١١٩ | الصقر الأحمر | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| .١٢٠ | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الأولى) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٥ |
| .١٢١ | مقالات الشهيد غاندى(مجيد كريم احمد) | الشهيد مجيد كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| .١٢٢ | خانقين خلال ربع قرن | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| .١٢٣ | عن الدولة الحديثة والأمة والنزعة القومية في العراق العربي وكردستان | سعد بشير أسكندر | ٢٠٠٥ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| .١٢٤ | رؤية كوردستانية لشؤون ومواقف عراقية | جرجيس كوليزاده | ٢٠٠٥ |
| .١٢٥ | التسامح الديني العراقي لمجابهة الأرهاب والعنف | جرجيس كوليزاده | ٢٠٠٥ |
| .١٢٦ | الآخر- الأمة ـ الأقليات الأخرى | سامي داوود | ٢٠٠٥ |
| .١٢٧ | الفيدرالية ـ دراسة في إطار مفاهيمي والنظري | د. إحسان عبدالهادي سلمان | ٢٠٠٥ |
| .١٢٨ | الدستور العراقي المرتقب ـ حقائق وآراء ومقترحات | المحامي: كريكار عبدالله | ٢٠٠٥ |
| .١٢٩ | نقد ذهنية التغيب والتزييف ـ الأعلام العربي المعاصر نموذجا | د. عبدالباسط سيدا | ٢٠٠٥ |
| .١٣٠ | التركمان في العراق (الطبعة الأولى) | د. عمر ابراهيم توفيق | ٢٠٠٥ |
| .١٣١ | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الثانية) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٥ |
| .١٣٢ | كركوك والتطهير العرقي ـ من وثائق النظام البعثي | عارف قورباني | ٢٠٠٥ |
| .١٣٣ | کەلار لە لادێوە بۆ شار | جاسم محەمەد | ٢٠٠٥ |
| .١٣٤ | هەڵوێست لە بەرامبەر گەندەڵی | نیاز سەعید عەلی | ٢٠٠٥ |
| .١٣٥ | دارِشتنی دەستوری نوێ هێڵکاری | ن: ماریۆج، ر. ئاوریانی ئامبرۆس، پاول ئالیڤێرز<br>و: ئاوات محەمەد | ٢٠٠٥ |
| .١٣٦ | رادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان | ئەمیر نامیق | ٢٠٠٥ |
| .١٣٧ | من بڕوام بە دیموکراسی کوردی نییە! | (فازیل کەریم)<br>مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٥ |
| .١٣٨ | کاری دیپلۆماسی لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا | کوردۆ رەحمان | ٢٠٠٥ |
| .١٣٩ | بەکارهێنانی دەسەڵات لە جیهانی عەرەبیدا | محەمەد فاتح | ٢٠٠٥ |
| .١٤٠ | عەقڵی سەلیم | ن: توماس پین<br>و: پێشرەو حسێن | ٢٠٠٥ |
| .١٤١ | تیرۆریزم و مافی مرۆڤ | عەدالەت عەبدوڵلا | ٢٠٠٥ |
| .١٤٢ | رۆڵی کەسایەتی لەمێژوودا | ن: بلیخانوف<br>و: سەلام مارف | ٢٠٠٥ |
| .١٤٣ | کاتالۆگی بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری | | ٢٠٠٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .١٤٤ | کۆمەڵناسی شەڕ | ن: گاستۆن بوتول، د. حسین بشیریە، ئانتۆنی گدنیز<br>و: عومەر باڵەکی | ٢٠٠٦ |
| .١٤٥ | بژی گەندەڵی | ن: عەلی ڕەبیعی<br>و: ڕەفعەت موڕادی | ٢٠٠٦ |
| .١٤٦ | مێژووی پەروەردەو فێرکردن | ن: علی اکبر میهرئارا، محمد عباس، علی فرۆرفەر<br>و: قادر وریا | ٢٠٠٦ |
| .١٤٧ | فاشیزم چییە | ن: هێنری میشێل<br>و: سمکۆ ناکام | ٢٠٠٦ |
| .١٤٨ | ئیسلام و مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠٠٦ |
| .١٤٩ | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا | عادل عەلی | ٢٠٠٦ |
| .١٥٠ | چاوپێکەوتنی ڕادیۆی نەوا لەگەڵ هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ | ئا: سەرتیپ جەوهەر | ٢٠٠٦ |
| .١٥١ | شۆڕشی پەنجە مۆرەکان | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| .١٥٢ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٧ | | ٢٠٠٦ |
| .١٥٣ | ئیسلامی سیاسی ـ چاپی سێیەم | شوان ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| .١٥٤ | فەرهەنگی قانونی | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٦ |
| .١٥٥ | کۆمەڵناسی گەنج | کارزان کاوسین | ٢٠٠٦ |
| .١٥٦ | تاڵەبانی و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی(چاپی یەکەم) | یەتانا دیوخ نەوشا | ٢٠٠٦ |
| .١٥٧ | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان<br>ئاسۆیەك بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| .١٥٨ | چەند بابەتێکی فیکری | شوان ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| .١٥٩ | کۆمەڵی مەدەنیو سەرلەنوێ بیناکردنەوەی کۆمەڵگا | ن: جۆرج ف. ماکلین<br>و: شاخەوان منصور | ٢٠٠٦ |
| .١٦٠ | ئایین، فاشیزم ، مەرگ | ن: هاشم صالح<br>و: هەورامان وریا قانع | ٢٠٠٦ |
| .١٦١ | کارل فۆن کلاوزە ڤتز | ن: میکل هۆوارد<br>و: کەمال ڕەشید شەریف | ٢٠٠٦ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| .١٦٢ | گەشەسەندنی ئابووری چین | پ. د. محەمەد رەئوف سەعید | ٢٠٠٦ |
| .١٦٣ | مانیفێستی مەکتەبی بیروهۆشیاری<br>بۆ مۆدێرن کردنەوەی ی. ن. ك | مامۆستا جەعفەر<br>(فازیل کەریم ئەحمەد) | ٢٠٠٦ |
| .١٦٤ | هەواڵی تەلەفزیۆنی | جوان بەهادین | ٢٠٠٦ |
| .١٦٥ | لەتەك فینۆمینە ئەدەبیەکاندا | کاوە جەلال | ٢٠٠٦ |
| .١٦٦ | هەمیشە دڵڕەق و بێدەنگین | نەجات نوری | ٢٠٠٦ |
| .١٦٧ | کۆیە، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتیە | جەمال فەتحوڵڵا تەیب | ٢٠٠٦ |
| .١٦٨ | فەیلەسوفە مەزنەکان | ن: براین ماگی<br>و/ محەمەد کەریم | ٢٠٠٦ |
| .١٦٩ | جەمهوریەتی کوردستان ـ شاکارێکی مەزن | خوێندنەوەی/ عەبدوڵڵا کەریم مەحموود | ٢٠٠٦ |
| .١٧٠ | سەرمایە | ن: کارل مارکس<br>و/ سەلام عەبدوڵڵا ـ کەژاڵ ئەحمەد ـ شلێر عزیز | ٢٠٠٦ |
| .١٧١ | پرسی کورد گۆڕاوە، تورکیا هێشتا لەرابردوودایە | ن: کۆمەڵێك رۆژنامەنوس<br>و/ مامەند رۆژە | ٢٠٠٦ |
| .١٧٢ | خۆیبوون ـ هیوا | هیوا عەزیز سەعید | ٢٠٠٦ |
| .١٧٣ | حزب لەبازنەی دەستەگەریدا | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| .١٧٤ | پرۆفیشینالی لەرۆژنامەنوسی کوردیدا | مەریوان مەسعود | ٢٠٠٦ |
| .١٧٥ | گەنج ـ سیاسەت ـ مەعریفە | د. بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠٠٦ |
| .١٧٦ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ـ ٨ـ | | ٢٠٠٦ |
| .١٧٧ | ناسیۆنالیزم (چاپی یەکەم) | ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٦ |
| .١٧٨ | سایکۆلۆژیای جەماوەر (چاپی یەکەم) | ن: گۆستاف لۆبۆن<br>و: ئارام جەمال سابیر | ٢٠٠٦ |
| .١٧٩ | نوێبوونەوەو هەڵبژاردن | بەکر صدیق | ٢٠٠٦ |
| .١٨٠ | گۆڕان و چاکسازی | د. کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٦ |
| .١٨١ | لەپێناوی دیموکراسیدا | د. کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٦ |
| .١٨٢ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ـ ٩ ـ | | ٢٠٠٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨٣. | مێژووی شۆڕشی فەرەنسا | ن: ویل‌و ئاریل دۆرانت<br>و: دلاوەر عەبدوڵلا | ٢٠٠٦ |
| ١٨٤. | پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لەکوردستانی عیراقدا | فرمان عبدالرحمن | ٢٠٠٦ |
| ١٨٥. | ئاسۆی ئابووری ـ سەرچاوەکانی ئاوو کانزاکانی کوردستان | دارا عومەر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٦. | سایکۆلۆژیای جەماوەر (چاپی دووەم) | ن: گۆستاف لۆبۆن<br>و: ئارام جەمال سابیر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٧. | ناسیۆنالیزم (چاپی دووەم) | ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٦ |
| ١٨٨. | یاسای دادگای باڵای تاوانی عیراق | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠٠٦ |
| ١٨٩. | تاڵەبانی لەلوتکەی دەسەڵاتی عیراق | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠٠٦ |
| ١٩٠. | بنەما تیۆرییەکانی ڕای گشتی و ڕاگەیاندن | مەجید صالح | ٢٠٠٦ |
| ١٩١. | پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لەکوردستانی عیراقدا (چاپی دووەم) | فرمان عبدالرحمن | ٢٠٠٦ |
| ١٩٢. | ریفۆرم هەنگاوێ بۆ دواوە ! | ئازاد تۆفیق | ٢٠٠٦ |
| ١٩٣. | تاڵەبانی و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی(چاپی دووەم) | یەتانا دیوخ نەوشا | ٢٠٠٦ |
| ١٩٤. | هیگڵ‌و سیاسەتی مۆدێرن | ن: رامین جیهانبەگلو<br>و: شۆڕش جوانڕۆیی<br>چنور فەتحی | ٢٠٠٦ |
| ١٩٥. | جینۆسایدی گەلی کورد ـ لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا | د. مارف عومەر گوڵ | ٢٠٠٦ |
| ١٩٦. | كردستان أو بلاد أكراد | يوسف ملك<br>مراجعة ومقدمة: د. عزالدين مصطفى | ٢٠٠٦ |
| ١٩٧. | مفهوم النخبة | إحسان عبدالهادي نائب | ٢٠٠٦ |
| ١٩٨. | ٣٦ـ المنظمات الأقليمية والجماعات الأقتصادية في القارة الأفريقية | إحسان عبدالهادي نائب | ٢٠٠٦ |
| ١٩٩. | كوردستانية منطقة كركوك (الطبعة الأولى) | د. عمر إبراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٠. | ـ الكتابة للتلفزيون | ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٦ |
| ٢٠١. | دراسات المانية معاصرة عن القضية الكردية | ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٢. | السيادة في عالم متغير(الطبعة الأولى) | د. حكمت بشير | ٢٠٠٦ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠٣. | بحوث . . . و . . . شذرات | د. عزالدين مصطفى رسول | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٤. | كردستانية كركوك في المصادر السريانية | د. فرست مرعي | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٥. | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الثالثة) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٦. | التركمان في العراق (الطبعة الثانية) | د. عمر ابراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٧. | الأكراد دراسة أقتصادية سياسية | د. مجيد جعفر | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٨. | السيادة في عالم المتغير (الطبعة الثانية) | د. حكمت بشير | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٩. | كوردستانية منطقة كركوك (الطبعة الثانية) | د. عمر إبراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢١٠. | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١. | تیرۆرو سەقامگیری سیاسی‌و چەند لێکۆڵینەوەیەکە تر | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢. | کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری





مەکتەبی بیروهۆشیاری